Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# کاریگەریی فەلسەفەی پراگماتیزم لەسەر زمانەوانی

**هیوا ئەحمەد عەساف[1] - یوسف شەریف سەعید[2]**

[1]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە-شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

پراگماتیزم فەلسەفەی کۆمەڵگای ئەمریکاییە و، لە سەر بنەمای (کار) و (سود)، هەڵسەنگاندن بۆ بیرکردنەوە و چەمکی ڕاستیی بیرۆکە دەکات. ڕابەرانی ئەم فەلسەفەیە بە پێویستی دەزانن بیرۆکە و مەعریفە لێکەوتەی کردارەکیی سودگەیەندیان هەبێت. زمان، کە هێمایە و هەڵگری بیرە، بە لای (جۆن دیوی)ییەوە ئامرازی نواندنی بیر و واتایە. بەم پێیە پێویستە زمان هەڵگری بیری بەسود بێت و ببێتە ئامرازی دروستکردنی کاریگەریی کرداری لە کەتوار(واقع)دا. واتە پراگماتیزم گرنگیی دا بە مەبەست و ناوەڕۆکی زمان لە کەتواردا و، فۆرم و ڕوخساری زمانی بەلاوەنا.

جگە لەوەی چەند زانستێک ڕاستەوخۆ لە هەناوی پراگماتیزمەوە پەیدابونە، وەک پراگماتیک، بنەمای کردارەکیبون لە چەند بوارێکی زمانەوانیدا ڕەنگیداوەتەوە، وەک هێمازانی، زمانەوانیی کارەکی، بۆچونی ڕەوشتی بۆ لێکدانەوەی واتا، کردە قسەییەکان، شیکردنەوەی گوتار. هەمو ئەم بوارانەی زمانەوانی گرنگیی بە سود و بەها و کاریگەریی کرداریی هێما و گوتن دەدەن. لە دەوروبەر و لە دۆخی بەکارهێناندا لە زمان دەکۆڵنەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی چۆنیەتی کاریگەربونی ئەو بوارانەی زمانەوانی بە فەلسەفەی پراگماتیزم. توێژینەوەکە لە دو تەوەر پێکهاتوە. لە تەوەری یەکەمدا هێڵە گشتییەکانی فەلسەفەی پراگماتیزم ڕونکراوەتەوە، لە تەوەری دوەمدا چۆنیەتی کارکردنی ئەو بوارانەی زمانەوانی و ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی کارکردنی پراگماتیزم تێیاندا خراوەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:** پراگماتیزم، پراگماتیک، زمانەوانیی کارەکی، ڕەوشتکارەکان، کردە قسەییەکان، شیکردنەوەی گوتار.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

**Received:** 24-January-2022

**Accepted:** 29-March-2022

**Published:** 29-December-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

Hewa.assaf@su.edu.krd

yousif.saeed@su.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی:

**ناونیشانی توێژینەوە:** توێژینەوەكە بە ناونیشانی (كاریگەریی فەلسەفەی پراگماتیزم لەسەر زمانەوانی) ئەنجامدراوە. تیایدا باس لە كاریگەربونی هەندێك بواری زمانەوانی بە فەلسەفەی پراگماتیزم، لەڕوی چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ زمان و گوتندا، كراوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم كارە توێژینەوەیەكی تیۆرییە، بەپێی ڕێبازی وەسفیی شیكاری ئەنجامدراوە. لەم كارەدا وەسفی بنەماكانی كاركردنی فەلسەفەی پراگماتیزم و هەندێك بواری زمانەوانی كراوە. لە پاڵ ئەوەدا شیكردنەوە بۆ چۆنیەتیی بەرجەستەبونی هەندێك بنەمای پراگماتیی لە زمانەوانیدا كراوە.

**پرسیاری توێژینەوە:** لە سەر بنەمای پێدراوی (پراگماتیك لە پراگماتیزمەوە سەرچاوەی گرتوە) توێژینەوەكە پرسیاری ئەوە دەكات، ئایا پراگماتیزم تەنیا كاری لە پراگماتیك كردوە لە بواری زمانەوانیدا؟ ئایا كاریگەرییەكە چۆن ڕەنگیداوەتەوە؟ هەر توێژینەوەكە خۆی وەڵامی ئەو دو پرسیارە سەرەكییە دەداتەوە.

**گریمانەی توێژینەوە:** بەهۆی ئەوەی فەلسەفەی پراگماتیزم كاری لە سەر بیرۆكە و هێما و مەعریفە كردوە، توێژینەوەكە گریمانەی ئەوە دەكات، كاریگەرییان بۆ ناو بوارە جیاوازەكانی زمانەوانی پەلیهاویشتبێت، چونكە زمان هێمایە و گەیەنەری بیرۆكە و مەعریفەیە. بەتایبەتی بە هۆی ئەوەی كۆمەڵگای ئەمریكایی بەم فەلسەفەیە كاریگەربونە، چاوەڕوان دەكرێت زانایانی بواری زمانەوانی لەو كۆمەڵگایەدا بەشێوەیەك میكانیزمی كاركردنی ڕابەرانی ئەو فەلسەفەیان دوبارەكردبێتەوە.

**گرنگی و ئامانجی توێژینەوە:** گرنگیی كارەكە لەوەدایە چەند بوارێكی جیاوازی زمانەوانی بە فەلسەفەیەكی كەتواری(واقعی)ی وەكو پراگماتیزم دەبەستێتەوە و سەرچاوەی سروش(ئیلهام)ی هەندێك بواری زمانەوانی دیاریدەكات. توێژینەوەكە مەبەستیەتی گرنگیی تەرخانكردنی زمانەوانی بۆ لایەنی زیندو و كەتواریی مرۆڤ و كۆمەڵگا ڕونبكاتەوە.

**بەشەكانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە دو تەوەری سەرەكی پێكدێت. لە تەوەری یەكەمدا باس لە میكانیزمی كاركردنی فەلسەفەی پراگماتیزم و بۆچونی ڕابەرە سەرەكییەكانی ئەو فەلسەفەیە خراوەتەڕو. لە تەوەری دوەمدا باس لە كاریگەربونی چەند بوارێكی زمانەوانی بەو فەلسەفەیە كراوە و ڕوی كاریگەری و چۆنیەتی پشتبەستن بە میانیزمەكانی كاركردنی فەلەسەفەی پراگماتیزم لە زمانەوانیدا ڕونكراوەتەوە. لەكۆتایی ئەنجامەكان و پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەكان خراونەتەڕو.

## تەوەری یەكەم: فەلسەفەی پراگماتیزم (Pragmatism)

فەلسەفەی پراگماتیزم ئەو فەلسەفەیەیە، كە گرنگیی بە كاركردن و چالاكی كردەیی دەدات. ڕەگی ئەم فەلسەفەیە دەچێتەوە سەر فەلسەفەی ڕیالیزم (الواقعیة)، كە ڕێبازێكی فەلسەفییە، (ئەرستۆ) بناغەكەی داناوە. بەپێی ئەو ڕێبازە، كەتواری هەستپێكراو سەرچاوەی مەعریفەیە. زاراوەی پراگماتیزم لە فەلسەفەی ڕیالیزم و ئەزمونگەرییەوە وەرگیراوە و لە باوەشی فەلسەفەوە گەشەی كردوە و پاشان چوەتەوە سنوری زمانەوانییەوە و، بۆ یەكەمجار لەلایەن (چارلس پێرس)ەوە لە بواری زمانەوانیدا بەكارهێنراوە(محمود عكاشة، ٢٠١٨، ص٨١). هەروەها پراگماتیزم وەكو ڕێبازێكی نوێی فەلسەفی ڕەگێكی دەچێتەوە سەر ماتریالیزمی سەدەی بیستەم. پراگماتیزم بە ڕەوت سەرمایەدارە و لە ئەمریكادا پەیدابوە، بە پەرەسەندنی ڕێگاكانی دۆزینەوەی زانستی و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

ڕوانینی ڕیالیزمییانەی هاوچەرخی خۆی کاریگەر و بەندبوە. لە بەکارهێنانی شێوازی زانستی و پشتبەستن بە مادە و بە کەتوار، چەشنی مارکسیزمە، بەڵام لە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوریدا لێی جیادەبێتەوە، چونکە پراگماتیزم فەلسەفەی کۆمەڵگای سەرمایەدارە و پێچەوانەی مارکسیزمە، کە فەلسەفەی کۆمەڵگای سۆشیالیستییە(سەماح ڕافع، ٢٠٠١، ل٢٩).

واتا و بنەڕەتی وشەی پراگماتیزم لە وشەی (pragma)ی یۆنانییەوە هاتوە، کە بە واتای (کردار) دێت(جميل صليبا١، ١٩٨٢، ص٢٠٣). وەکو زاراوە، پراگماتیزم فەلسەفەیەکە، بیرۆکە و کردار پێکەوە دەبەستێتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە نرخی بیرۆکە لە سودی کردارەکییدایە. لە سەر ئەم بنەمایە، سودی کردارەکی لە پلەی یەکەمی بایەخی فەلسەفەکە دایە(علي عبدالهادي، ٢٠٠٨، ص٥). عەقڵیش کاتێک نیازەکانی دەردەبڕێت، کە خاوەنەکەی بەرەو کارێکی سەرکەوتو ببات(جميل صليبا١، ١٩٨٢، ص٢٠٣). بۆیە زۆرجار بە ڕێبازی کارکردنی ئەم فەلسەفەیە دەگوترێت (ڕێبازی کردارەکی) یان (ڕێبازی سودخوازی). پراگماتیزم لە کێشەی نێوان (ڕیالیزم) و (ئایدیالیزم)دا لایەنگریی ڕیالیزم دەکات. فەیلەسوفانی ئەم ڕێبازە دەیانەوێت تیۆری زانین ببێتە ئامرازێکی کارکردن و هۆیەک بۆ ئەوەی سود لە کەتوار وەربگیرێت و دەستی بەسەردابگیرێت. پراگماتیزم پشت بە شێوازی کارکردن و فەرمانبەجێگەیاندن دەبەستێت، نەک بەرنامەیەکی عەقڵیی ڕوت. لە پراگماتیزمدا نرخی بۆچونەکان لەو ئاکامە کردارییانەدایە، کە لێی دەکەوێتەوە. هەروەها حەقیقەت لەهۆش و ئاوەزماندا نییە، وەک ئایدیالیستەکان بۆی دەچن، لە واقیعیشدا نییە، وەک ئەوەی ڕیالیستەکان بۆی دەچن، بەڵکو حەقیقەتی بیرۆکە بەوە دەردەکەوێت، کە تا چ ڕادەیەک بەرەو هەوڵی کردارییمان دەبات و سودمان پێ دەگەیەنێت(سەماح ڕافع، ٢٠٠١، ل٢٩–٣٠). واتە بیرۆکە پێویستە لە کەتواردا دەرەنجامی کردارەکیی لێبکەوێتەوە. ئەمەش بنەمای سەرەکیی فەلسەفەکەیە، کە بە (بنەمای پراگماتیی- Pragmatic Maxim) ناودەبرێت(صلاح اسماعيل، ٢٠٢٠، ص١٢٧). بەم پێیە بنەمای (کردارەکی- فعلية/ عملية) و (سودبەخشی- نفعية) سەنگی مەحەکن بۆ بڕیاردان لە دروستی و گرنگیی بیرۆکە و، پایەکانی فەلسەفەی پراگماتیزمن. واتە بیرۆکە و حەقیقەتی ناو بیر، بێ بەرجەستەبونی لە جیهانی مادی و بێ لێکەوتەی بەسود، بە حەقیقەت دانانرێن و جێی بایەخ و شایەنی لێکۆڵینەوەنین.

لەلایەکی ترەوە پراگماتیزم پەیوەندیی هەیە بە فەلسەفەی سودگەراییەوە(مذهب المنفعة- Utilitarianism). کە یەکێکە لە فەلسەفەکانی ئاکار(اخلاق). بیرۆکەی جەختکردنەوە لە سەر ڕەهەندی (سودبەخشی)ی بیرۆکە لە پراگماتیزمدا بۆ فەلسەفەی سودگەرایی دەگەڕێتەوە. گرنگترین خاڵی هاوبەشی نێوان پراگماتیزم و سودگەرایی ئەوەیە، هەردوکیان لە دیاریکردنی مەبەستی لێکۆڵینەوەدا کاریگەرن بە (قوتابخانەی ئەزمونگەریی ئینگلیزی)، کە بابەتی (سود)ە. هەردو فەلسەفەکە وای دەبینن، کە گەڕان بە دوای سوددا خێر و خۆشی بۆ مرۆڤ دێنێت. لە هەردو فەلسەفەکەشدا سودی مادی و مەعنەوی لێکجیاکراوەتەوە(علي عبدالهادي، ٢٠٠٨، ص٤٥–٤٦). فەلسەفەی پراگماتیزم گرنگیی بە سودی کردارەکی دەدات، ئەم ڕەهەندە کردارەکییەش جێی بایەخی فەلسەفەی سودگەراییە، بۆیە فەیلەسوفی پراگماتیزم (ولیەم جێمس) دەڵێت (پراگماتیزم لەڕوی جەختکردنەوە لە ڕەهەندی کردارەکی لەگەڵ فەلسەفەی سودگەراییدا کۆکە)(وليام چيمس، ٢٠٠٨، ص٧٤).

پراگماتیزم فەلسەفەی خودی کۆمەڵگای ئەمریکایە و توانیویەتی سەرکەوتوانە کۆنترۆڵی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئەمریکایی بکات لە چوارچێوەی سود و قازانجی گشتی و تایبەتی، لە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگادا ڕەنگبداتەوە. کە بەگشتی سود و قازانجی تایبەتی و گشتی لە کۆمەڵگای ئەمریکاییدا پشکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

شێری بەرکەوتوە. بەو پێیەی هەرچی هەیە و نییە، بایەخەکەی لەوەدا دەردەکەوێت، کە تا چەند جێی بایەخە و سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ئەو سەرنجڕاکێشانەش لە بەهەندزانینی بەرژەوەندی بەولاوە هیچی ترنییە(حەمید عزیز، ٢٠١٣، ل٣٠٨- ٣٠٩).

سەرەتای دەرکەوتنی پراگماتیزم بۆ دوای ساڵی (١٨٧٠) دەگەڕێتەوە. دواتر لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا وەک ڕەسەنترین و کاریگەرترین فەلسەفەی ئەمریکایی گەیشتە لوتکە. دواتریش کاریگەرییەکانی گواسترانەوە بۆ ئەوروپا. ئەم فەلسەفەیە تەنیا تایبەت نییە بە زانکۆ و ئەکادیمیا و فەیلەسوف و دەستەبژێران، بەڵکو فەلسەفەی تەواوی کۆمەڵگای ئەمریکایە و بە وەرچەرخانێکی هزریی ئەمریکایی لە فەلسەفەی ئینگلیزییەوە و ڕوە و فەلسەفەی خۆیان دادەنرێت. بۆ یەکەمجار (چارلس پێرس) وەک ڕێبازێکی فەلسەفی دایمەزراندوە و فۆرمی پێداوە. ئەوەیش دوای بڵاوکردنەوەی دو بابەت بە ناوی (چەسپاندنی باوەڕ-١٨٧٧) و (چۆن بیرۆکەکانمان ڕونبکەینەوە- ١٨٧٨). لەم وتارانەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی داوە، کە ئاخۆ کەی بیرۆکەکانمان واتایان دەبێت؟ کەی دەربڕینەکان دروستن؟ کەی دەشێت بیرۆکەیەک دەربڕین و کەی ناشێت؟ دواتر لە وەڵامدا دەڵێت: بیرۆکە ئەوەیە، کە ئەنجامیدەدەین و بە کردار دەیکەین. واتاکەشی پەیوەستە بە ئەنجام و لێکەوتەکانی. هەروەها ئێمە دەبێت هەمیشە چاوەڕێی ئەنجامی کرداری بکەین(ئارام قادر، ٢٠١٦، ل٥٩٩-٦٠٠). ئیتر پراگماتیزم وەک ڕێبازێکی کردارەکیی سودگەیەن بە بەکارهێنانی شێوازی کردارەکی و بەهۆی توانای مرۆڤ لە تێگەیشتنی سروشت و دەستبەسەرداگرتن و سودلێوەرگرتنی، بوە هۆی سودگەیاندنی کردارەکییانە و پێشکەوتنی پیشەسازی. ئەمانە و زەمینەی سیستەمی سەرمایەداریی ئەمریکایی بونە هۆی گەشەکردنی زیاتری ئەم ڕێبازە. ئەم سیستەمە ڕەوتی تێگەیشتنی خەڵکی ئەمریکای بەرەو تێگەیشتن لە کەتوار لە پێناو سودلێوەرگرتن و بەکارهێنان (ئیستیغلالکردن) و دەستبەسەرداگرتنیدا برد. ئەمەش بە گەڕان بە دوای ئەو سودانەی کە بەهۆیانەوە پێماندەگات. دامەزرێنەرانی ئەم ڕێبازە زۆربەی فەیلەسوفانی ئەمریکابون. دواتر هزر و بیریان بە جیهاندا بڵاوبوەوە و خەڵکی تری دەرەوەی ئەمریکاش پەیڕەویانکرد. وەک لە سەرەوە باسکرا، یەکەم دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە (چارلس پێرس) فەیلەسوفی ئەمریکایی بو. کە بیرۆکەی سەرەتایی ئەم ڕێبازەی دانا، باوەڕی وابو هەمو بیرۆکەیەک دەبێت ڕێخۆشکردنبێت بۆ (کار)ێک. دواتر (ولیەم جێمس) هات و بەرنامەی ڕێبازەکەی داڕشت و گوتی (کار) و (سود) پێکەوە پێوەر و بەڵگەی ڕاستیی بیرۆکەن. پاشان (جۆن دیوی) هات و بەتەواوی بەرنامەی ڕێبازەکەی ئاشکراکرد و دوپاتی کردەوە کە (عەقڵ- ئاوەز) ئامرازی (کار) و هۆکاری (سود)ە(سەماح ڕافع، ٢٠٠١، ل٣٠-٣٤). بەم پێیە (چارلس پێرس) پراگماتیزمی وەک میتۆدێک بۆ بیرکردنەوە یان تیۆری واتا دانا و، (ولیەم جێمس) وەک تیۆرێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی و، (جۆن دیوی) لە ئامرازگەراییەکەیدا وەک تیۆرێک لە بەهادا گەشەیپێدا و دواتر ئەزمون و مەبەستە مرۆییەکانی خستە خزمەت ئامانجەکانەوە و دەرئەنجامە کردارییەکانیشی کردە پێوەری ڕاستیی بیرۆکەکان. جگە لەو سێ فەیلەسوفەش، فەیلەسوفی بەناوبانگی تر هەبون لە بواری پراگماتیزمدا، وەک جۆرج هێربێرت مید(١٩٣١-١٩٦٢) ، (کلارێنس ئایرڤینگ لویس (١٨٨٣-١٩٦٤)، ڕیچارد ڕۆرتی، ڕۆبەرت براندۆم، جۆرج سەنتایا، ویلارد کواین، وڵفرێد سێلارس ...هتد. بەڵام ئەو سێ فەیلەسوفە بە تەواوی بناغەی پراگماتیزمی کلاسیکییان داناوە. ئەم فەلسەفەیە زۆر لق و ڕێچکەی گرنگی هەیە، وەک ئامرازگەرایی، ئەزمونگەرایی ڕادیکاڵی، ڕێژەگەرایی کۆنسێپتی، جیاوازیی فاکتە بەها، کەوتنە هەڵەوە. هەروەها (پراگماتیزمی نوێ)یش جۆرێکی تری پراگماتیزمە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم برەوی پەیداکردوە(ئارام قادر، ٢٠١٦، ل٥٩٩-٦٠٠). بەم جۆرە هەریەک لەو بیرمەندانە هەنگاوێک فەلسەفەکەیان بردۆتەپێشەوە، تا بوە بە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

فەلسەفەی ژیانی خەڵكێكی زۆر لە ئەمریكا و لە بیركردنەوە و ڕەفتاریاندا ڕەنگیداوەتەوە. فەلسەفەكە بە گشتی كار لە سەر عەقڵ و بیرۆكە دەكات، كە بە پێویستی دەزانێت لە كەتواردا دەرئەنجامی كردارەكیی سودگەیەنی هەبێت. بێگومان زمان گەیەنەری سەرەكیی بیرۆكەكانە. پێرس لە دەربڕین و لە ناو خودی زماندا چاودێریی دروستیی بیرۆكە دەكات. بەم پێیە و بەپێی فەلسەفەی پراگماتیزم، زمان پێویستە هەڵگری بیری بەسودبێت و ڕیخۆشكەربێت بۆ ئەنجامدانی كارێك، وەك چارلس پێرس دەڵێت. كارەكەش سودگەیەن بێت، وەك ولیەم جێمس دەڵێت. واتە بیرۆكە و هزری ناو زمان و قسە، دەبێت، ببێت بە ئامرازی كارێكی بەسود، وەك جۆن دیوی دەڵێت. لە خوارەوە وردتر لە سەر ڕایەكانی ئەو سێ فەیلەسوفە سەرەكییە دەوەستین.

## ڕایەكانی چارلس پێرس (١٨٣٩- ١٩١٤):

(چارلس ساندرێس پێرس) یەكەم دامەزرێنەر و بە پێشەنگی فەلسەفەی پراگماتیزم دادەنرێت. هەروەها یەكێكە لە پێشەنگی توێژەرانی بواری (هێمازانی- semiotics)، كە لە فەلسەفەی پراگماتیزمدا پەیوەندیی لەگەڵ تیۆری واتادا هەیە. چەندین بەرهەمی لە دوای خۆی چاپكراوە، یەكێك لەوانە (پراگماتیزم و پراگماتیكگەرایی) بو. پێرس كاریگەربوە بە (لامارك) و (چارلس داروین) و (ئیمانوێل كانت). دواتر لە ساڵی (١٨٧٠) برەو بە فەلسەفەی تایبەت بە خۆی دەدات، كە فەلسەفەی پراگماتیزمە(ئارام قادر، ٢٠١٦، ل٥٩٧- ٥٩٨). دەبێت ئەوەش بزانین، كە (چارلس پێرس) زاراوەی (پراگماتیك- pragmatic)ی لە (كانت)ەوە وەرگرتوە، و لە بەرامبەر زاراوەی (كردارەكی- practical)ی لای (كانت) بەكاریهێناوە. (پێرس) زۆر جەختی لە سەر ڕەهەندی كردارەكیی بیرۆكە دەكردەوە و باوەڕی وابو، كە ئەزمون و كردار پێوەری سەرەكین بۆ بڕیاردان لەسەر ڕاستی و ناڕاستیی بیرۆكە(علي عبدالهادي، ٢٠٠٨، ص٢١)، بەم جۆرە (پێرس) بنەما(Maxim)ی پراگماتیی دانا، كە واتای بیرۆكەی بە دەرئەنجامی كردارەكیی بیرۆكەكەوە بەستوەتەوە. هەر ئەو بنەمایە پێوەری ڕاستی و ناڕاستیی بیرۆكەیە. پێرس دەڵێت "بۆ ئەوەی لە واتای هەر چەمكێك دڵنیابینەوە، پێویستە دەرئەنجامی كردارەكیی ئەو چەمكە لەبارچاوبگرین، كۆی هەمو ئەنجامەكان واتای تەواوی چەمكەكە پێكدەهێنن"(هەمان سەرچاوە، ل٢٤). (پێرس) لە بارەی واتاوە ئاماژەی بە سێ خاڵ كردوە، بەڵام زیاتر گرنگیی بە خاڵی (كاریگەری و ئەنجام) داوە، كە هەر ئەو خاڵەیە بە (بنەمای پراگماتیی) ناوی بردوە(هەمان سەرچاوە، ل١٤٧). ئەم فەیلەسوفە لەگەڵ هەندێك لە فەیلەسوفانی پراگماتیزم جیاوازیی هەبوە، وەك (ولیەم جێمس)ی هاوڕێی، بۆیە بۆ خۆجیاكردنەوە لە جێمس و پراگماتیستەكانی تر، فەلسەفەكەی خۆی ناونا (پراگماتیسیزم) لەبری (پراگماتیزم)، كە لە كۆتاییدا زاراوەكەی پێرس جێی خۆی نەگرت(ئارام قادر، ٢٠١٦، ل٦٠١). بەڵام پێرس هەر بە ڕابەری یەكەمی فەلسەفەی پراگماتیزم مایەوە و قوتابییەكانی شوێن پێی ئەویان هەڵگرت و هەریەكە و زیادییەكیان خستە سەر ئەو ڕەوتە لە بیركردنەوە، كە بە فەلسەفەی پراگماتیزم ناوی ڕۆیشتوە.

پێرس لە بارەی بیرۆكە و واتای قسەوە پێی وایە بیرۆكە(idea) پڕۆژە و پلانی كار و چالاكییە، نەك ڕاستییەك لە خۆیدا... بیرۆكە پڕۆژەی كارە بۆ كاركردنە سەر ژینگە و دەوروبەر، هەنگاوێكە لە پێناوی كار و پاشكاردا(یعقوب فام، ١٩٣٦، ١٤٩). پێرس باوەڕی وابو، كە پێوستە بیرۆكە ڕون و واتاداربێت و لە كەتواردا ئەزمون بكرێت و جەختی لێ بكرێتەوە(علي عبدالهادي، ٢٠٠٨، ص٢٥). بۆیە هەمو گوتنێك گریمانەیە و واتای نییە، تاكو ئەزمون نەكرێت، چونكە یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی پراگماتیزم ئەوەیە، كە پشت بە ئەزمون دەبەستێت. گریمانە دەبێت شیاوی ئەوەبێت ئەزمون بكرێت و ببێت بە كردار(هەمان سەرچاوە، ل٢٦-٢٧). پێرس



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

گوتویەتی، هەزارەها بیرۆکە لە ئاوەزماندا هەن، کە لە جیهانی دەرەوەدا بەرامبەر بە شتی ماتریالی(مادی) دەوەستن، بەڵام هەندێک بیرۆکەش هەن، کە هیچ بونێکی ماتریالی لە بەرامبەریاندا ناوەستێت، ئایا پێوەری حوکمکردن بەسەر ڕاستی و ناڕاستیی ئەو جۆرە بیرۆکانەدا چییە و چۆنە؟ پێرس لە وەڵامدا دەڵێت: (ئەگەر ئەو بیرۆکانە ڕێی ئەنجامدانی کارێکی کردەییان خۆشکرد و مەبەستیان گەیاندنی سودێکی کردەییانەبێت، ئەوا ڕاستن، بەپێچەوانەوە ڕاستنین). پێرس نمونە بۆ ئەوە دێنێتەوە و دەڵێت: بۆنمونە بیرۆکەی (بونی خودا) ئایا ڕاستە یان ناڕاستە؟ لە کاتێکدا من ناتوانم لە بەرامبەریدا بەدوای بونێکی ماتریالیدا بگەڕێم و بڕیاری جوتبون و جوتنەبونی بیرۆکە و بونە مادییەکە بدەم، بەڵام بڕیاری من لەسەر ئەو ئەنجام و لێکەوتەیەیە، کە بونی بیرۆکەکە دەیخاتەوە. ئەویش بەم جۆرەیە، مادام بونی ئەو بیرۆکەیە لە هزری خەڵکدا دەبێتە هۆی ئەوەی کاری باش و سودبەخشانە ئەنجامبدەن و ڕەفتاری چاکی وەک ڕاستگۆیی و هاریکاری بنوێنن، بیرۆکەکە ڕاست دەردەچێت. بەم جۆرە پێرس بیرۆکەی کردە ڕێنیشاندەری کار و ئاراستەکردنی ڕەفتار و بزواندنی چالاکی. بیرۆکەش لە خودی خۆیدا نە ڕاستە و نە ناڕاست، بەڵکو تەنیا پڕۆژە و پلانی کارکردنە، جا ئەگەر پڕۆژەکە گەیشتە ئاستی ئەنجامدانی کردارەکی، ئەوا ڕاستە، خۆ ئەگەر بیرۆکەکە بە هیچ نەگەیشت، ئەوا چەوتە. بەم جۆرە پێرس چەمکی ڕاست و چەوتی گۆڕی و وابەستەی ئەنجامی کردارییانەی بیرۆکەکەی کرد. بەمەش هەمو ڕێڕەوێکی میتافیزیکی یان ئایدیالی ڕەتکردەوە و ڕێڕەوی کرداری و سودگەیەنی بۆ خۆی هەڵبژارد، کە کارێکی زۆری کردە سەر فەلسەفە و بیری قوتابییانی دوای خۆی(سەماح ڕافع، ٢٠٠١، ل٣٤-٣٦). بەم جۆرە بە لای پێرسەوە بنەمای ڕاستیی بیرۆکە و ئیمان لای مرۆڤ، بونی دەرئەنجامی کارەکی و سودگەیاندنە بە دەوروبەر. لە ئەگەری نەبونی ئەو بنەمایانەشدا بون و نەبونی بیرۆکە و ئیمان لای مرۆڤ هیچ واتایەکیان نییە. وەک پێشتریش باسکرا، بیرۆکەکانی پێرس زۆرتر لە دەوری پێدانی واتابون بە بیرۆکە و دەربڕینەکان، بۆیە دەگوترێت بیرۆکەکانی ئەو وەک (تیۆری واتا) خۆیان دەنوێنن. واتە **بیرۆکە، پڕۆژەی کارە و، بیرۆکەی ڕاست و گرنگ و واتادار ئەوەیە، کە ئەنجامی کردارەکیی سودبەخشی لە کەتواردا لێبکەوێتەوە.** زمانیش، کە هەڵگری بیرۆکەیە، بەم جۆرەبێت، ئەوکاتە گوتن گرنگ و واتادارە، کە هەڵگری بیرۆکەی سودبەخش و کاریگەربێت لە کەتواردا.

## ڕایەکانی ولیەم جێمس(١٨٤٢- ١٩١٠):

ولیەم جێمس بە ڕابەری ڕاستەقینە و کاریگەری فەلسەفەی پراگماتیزم دادەنرێت. جێمس بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە بەگژ ڕێبازی ئایدیالیزمی فەلسەفیدا دەچێتەوە و بانگەشەی میتۆدێکی نوێی بیرکردنەوە و توێژینەوە و یەکلاکردنەوەی بابەتە کێشەدارەکانی فەلسەفە، دەکات. جێمس جەخت لە لێکنزیکبونەوەی بیر و کردار و ئەنجام، دەکات و بنەمای سودبەخشیی کردارەکی دەکاتە پێوەری ڕاستی و دروستیی بیرۆکە(حەمید عەزیز، ٢٠١٣، ل٣١٣- ٣١٥)، کە بە هۆی زمانەوە دەنوێنرێت. ئەم فەیلەسوفە باوەڕی وابو، (کە بیرۆکە تەنیا پڕۆژەیەکی کارنییە، بەڵکو کار و ئەنجام، بەڵگەی ڕاستیی بیرۆکەن)(یعقوب فام، ١٩٣٦، ص١٥٠). خاوەنی بیرۆکەی ڕاستیش هەمیشە خاوەنی ئامرازی کار و جێبەجێکردنە و، ... سود و قازانج بۆ مرۆڤ دەستەبەردەکات، کە ئامانجی مرۆڤە.. ئەرکی یەکەمی مرۆڤیش ئەوەیە، هەمیشە دوای ئەو جۆرە بیرۆکانە بکەوێت(ولیام چیمس، ٢٠٠٨، ص٢٣٩، ٢٤٠). واتە ئەم فەیلەسوفە پێوەری ڕاستی و نرخی بیرۆکەی بەستاوەتەوە بە ئەنجام و ئەو کاریگەری و گۆڕانکارییەی، کە لە کەتوار دەیخاتەوە. واتە دوپاتی ڕایەکانی (چارلس پێرس)ی کردەوە و زیاتر پێداگریی لە بنەمای کردارەکیبون و سودبەخشیی کردەوە. لەبارەی پەیوەندیی (سود) و (ڕاستی)ی بیرۆکەوە دەڵێت: ("بیرۆکە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

بەسودە، لەبەر ئەوەی ڕاستە" یان "ڕاستە، لەبەرئەوەی بەسودە" ڕاستی توانای جێبەجێبون بە بیرۆکەکە دەدات و گەیاندنی سودیش ئەرکی بیرۆکەکەیە)(هەمان سەرچاوە، ل٢٤١). واتە (سود) و (ڕاستی)ی بە هاوتای یەکتر داناوە. بەم پێیە کاتێک دەگوترێت زمان هەڵگر و گەیەنەری بیرە، ئەگەر بەو پێوەرە هەڵبسەنگێنرێت، دەبێت بگوترێت سودبەخشینی کردارەکی دەبێتە پێوەری ڕاستیی کەرەستەی زمانی و، بونی لێکەوتەی ئەرێنی، واتای ڕاستیی گوتنەکە و، پاشان ڕاستیی واتا و بیرۆکەی بارکراوی سەر کەرەستە زمانییەکانە. (ولیەم جێمس) بەتایبەتی لە سەر وشە و کەرەستەی زمانی دەڵێت: (هێما یان نیشانەیە بۆ ئەو ڕێگایەی، کە بەهۆیەوە گۆڕانکاریی لە کەتواردا دەکرێت)(هەمان سەرچاوە، ل٧٤).

(جێمس) زیاتر جەختی لە سەر بابەتی حەقیقەت دەکردەوە، بۆیە زۆر جار پراگماتیزم بە واتایەکی فراوانتر و بە (تیۆری حەقیقەت) ناودەبرێت(هەمان سەرچاوە، لەدەرئەنجام٧٦). بەلای ئەوەوە پێوەری حەقیقەت کاری بەرهەمهێنە نەک حوکمی عەقڵی(یوسف کەرەم، ٢٠١٧، ل٥٣٨). بۆیە دو جۆر ڕاستی لێک جیادەکاتەوە، ڕاستییەک لە سەر ڕادەی جوتبونی لەگەڵ واقعی دەرەوە دامەزراوە، لە ئەگەری جوتبونیدا ڕاستە و بەپێچەوانەوە ڕاستنییە. ڕاستییەکی دیش لە سەر هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی ڕاستەقینە و سودلێوەرگرتنی کردارەکییانە دامەزراوە. بیرۆکە کاتێک ڕاست دەردەچێت، کە بەرئەنجامی کردارەکی سودگەیەنی هەبێت. ولیەم جێمس ڕەخنە لە ڕێبازی ئایدیالی دەگرێت، چونکە وای بۆ دەچن، کە وێنەی شتەکان لە هزردا هەیە، جێمس دەڵێت، بون و نەبونی ئەو وێنانە هیچ لە کرۆکی ڕاستەقینە ناگۆڕێت و سودی کردارییان نییە. بۆ نمونە بونی وێنەی ئاگر لە بیردا، هیچ شتێک ناسوتێنێت و بونی وێنەی ئاویش لەتوانایدانییە، هیچ ئاگرێک بکوژێنێتەوە. ئەم وێنانە هیچ نرخێکیان نییە، چونکە کردارەکییانە کار لە ژیانمان ناکەن و هیچ ئەنجامێکی کردارەکییانەی لێ ناکەوێتەوە. هەر بۆیە ولیەم جێمس گفتوگۆکردنی لە سەر بابەتە میتافیزیکی و زۆر لەو بابەتە غەیبییانەی ڕەتکردەوە، کە بەرەو ئاکامی سودبەخشی کردارەکیمان نابەن. بەم جۆرە (ولیەم جێمس) بەو ئەنجامە گەیشت، کە ڕاستەقینە هەمو شتێکە لە ژیاندا و بەرەو سەرکەوتنمان دەبات. بیری ڕاست ڕێگای سەرکەوتنی کردارەکییانەیە و هۆی پێکەوەنانی ژیان و ئامرازی دەستبەسەرداگرتن و ئاراستەکردنیەتی بەرەو هەمو شتێکی سوبەخش و چاک بۆ مرۆڤ(سەماح ڕافع، ٢٠٠١، ل٣٧-٣٨). وروژاندنی پرسیارە جیاوازەکانیش لە پێناوی دۆزینەوەی حەقیقەتدا، ئەگەر جیاوازییان لە ژیاندا دروستنەکرد، بە جیاواز دانانرێن و بە شیاوی مشتومڕ(جدل) دانانرێن. بەم پێیە ئەم ڕێبازە سەرنج لە سەر بەرایی و پێدراوەکان دەگوازێتەوە بۆ سەر ئەنجامەکان(یوسف کەرەم، ٢٠١٧، ٥٤١).

(جێمس) تەنانەت ئیمان و بیرکردنەوەی ئاینیش بە سود و قازانجی مرۆڤ دەبەستێتەوە، کاتێک دەڵێت (ئەگەر بیرۆکە ئاینییەکان گرنگییان لە ژیانی هەستپێکراودا هەبێت، ئەوا بە لای پراگماتیزمەوە بیرۆکەی ڕاستن، واتە بەسودن)(ولیام چیمس، ٢٠٠٨، ص٩٦). جێمس باوەڕی وایە هەر کردار و بیرکردنەوەیەکی مرۆڤ، دو پاڵنەری هەیە، یەکەمیان غەریزەی مرۆڤ، کە سەرچاوەکەی باوەڕ و ئیمانە، دوەمیان ژیرییە. بە باوەڕی ئەو هەریەک لەوانە بە جۆرێک کاریگەرییان دەبێت، کە زامنی سود و قازانجی مرۆڤ دەکەن. بە قسەی ئەو باوەڕ(ئیمان) سودبەخشە و لە هەست و سۆز و ناخی مرۆڤدا ڕەنگدەداتەوە و بونی ئیمانیش بە لێکەوتەی کردارییی سودبەخش دەسەلمێنرێت. بە باوەڕی ئەو ئیمان، مرۆڤ لە کرداری خراپ دەپارێزێت و هانیدەدات، تاکو کرداری باش بکات. هەروەها دڵنیایی و دڵخۆشکەرییەک بە مرۆڤی بێئومێد و نیگەران دەبەخشێت. بە لای ئەوەوە گریمانەی باوەڕ بە بونی هێزێکی سەرو سروشت، کاریگەریی دەبێت لەسەر ڕەخساندنی ژیانێکی چاکتر و خۆشتر بۆ مرۆڤ و هاندەری خواستی ئاکاری مرۆڤن(حەمید عەزیز، ٢٠١٣، ل٣٢٨- ٣٣٠).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

(ولیەم جیمس)، جگە لە دوپاتکردنەوە و زیاتر پێداگریکردن لە ڕایەکانی (چارس پیرس)، کورتەی ڕایە تایبەتەکانی ئەوەیە، کە **پێوەری ڕاستیی بیرۆکە کاری بەرهەمهێن و شیاوییەتی بۆ ئەزمونکردن لە کەتواردا. ڕێگای سەرکەوتنی بیری ڕاست، (کار)ە و ئامراز و هۆکاری دەستبەسەرداگرتن و ئاراستەکردنی ژیانە بە شێوازێکی ئەرێنی و سودبەخش بۆ مرۆڤ. ژیری و غەریزە و ئیمانیش زامنی سود و قازانج بۆ مرۆڤ دەکەن. حەقیقەتیش لە ڕێگای وروژاندنی پرسیارە جیاوازەکان و حوکمی عەقڵییەوە نادۆزرێتەوە، بەڵکو حەقیقەت خودی کاری بەرهەمهێنە.**

## ڕایەکانی جۆن دیوی(١٨٥٩- ١٩٥٢):

بۆچونەکانی جۆن دیوی لە بارەی مەعریفەوە، وەکو ڕێبازێکی تایبەت خۆیان نمایش دەکەن، بەڵام ڕێبازەکەی جۆرێکە لە پراگماتیزم، کە بە ئامرازگەرایی(Instrumentalism) یان ئەرکگەرایی (Functionalism) ناوبراوە، بەوەی مەعریفە بە ئامراز یان خاوەن وەزیفەیەک دادەنێت لە خزمەتی خواستەکانی ژیاندا(یوسف کەرەم، ٢٠١٧، ل٥٤٩). بۆیە ڕێبازەکەی ناوناوە (ڕێبازی ئامرازی)، چونکە پێیوایە لە بیردا ئامرازی کارکردن بۆ گۆڕینی ژیانی مرۆڤ بەدەستدەخرێت(فؤاد کامل، ١٩٩٣، ص١١٨). عەقڵی مرۆڤ ئامرازێکە مرۆڤ بۆ پارێزگاریکردن لە ژیان و پاشان گەشەکردنی ژیانی بەکاریدێنێت(علي عبدالهادي، ٢٠٠٨، ص١٨). هەروەها زمانیش بە ئامرازی بیرکردنەوە دادەنێت(DEWEY, 1910, P170). بیرکردنەوەش بە ئامرازی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دادەنێت، کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتیدا ڕووبەڕوی خەڵک دەبنەوە. هەمو مەعریفەیەکیش ئەگەر لە کۆتاییدا نەبێت بە کردارێکی سودبەخش بۆ تاک و کۆمەڵگا، ئەوا بە هەندوەرناگیرێت. تەنانەت عەقڵیش وەک دەست و پێ و زمان بە هۆکار و ئامراز دادەنێت. هەمو ئامرازەکانیش ئەرکێکی کرداریی ئەرێنییان هەیە، ئەویش چاککردن و پێشخستنی تاک و کۆمەڵگایە. هەمو ئەوانەش لە ڕێگای کارکردنەوە، بەدەستدەخرێن(چون دیوی، ١٩٥٥، ص: ي-ک)[٢]. ئامانجی هەمو کارێکیش قازانجە(چون دیوي، ١٩٦٣، ص٢٣٢). واتە بیر و زانین و لۆجیک و فەلسەفە لای ئەو، هۆکاری باشکردنی ژیان و کاریگەریی کردارەکییە. ئەمەش فەلسەفەی هەمو زانستەکانە. بۆیە دەگوترێت[٣] (فەلسەفە لای جۆن دیوی بابەتێکی و کرداریی بوە لە ژیانی ڕۆژانەدا، نەک چێژ و خۆشییەکی هۆش و هۆشیاریی، کە فەیلەسوف لە بورجی عاجەوە هێنابێتی))(جۆن دیوی، ٢٠١٩، ل١٥). واتە ئامانجی فەلسەفە گۆڕانکاری کردارییە، بۆیە جۆن دیوی خۆی دەڵێت: ((لە ڕاستیدا هەمو تیۆرێکی فەلسەفی ئەگەر گۆڕانکاری لە کارە پەروەردەییەکاندا دروستنەکرد، بێگومان ئەوە فەلسەفەیەکی دروستکراوە))(هەمان سەرچاوە، ل١٧). واتە فەلسەفەیەکی ڕاستەقینە نییە و تەنیا قسەی ڕوکەش و بێسودە. بە لای ئەوەوە بیر و گوتنیش پێویستە شتێکی بەرجەستەبو لە ژیاندا دەرببڕێت، ئەگینا بیرنییە(هەمان سەرچاوە، ل١١٠).

(جۆن دیوی) بەگشتی و لە هەمو ڕویەکەوە هەوڵی گۆڕینی دیدگا و ژیانی کۆمەڵگای ئەمریکای بە ئاراستەی نزیک لە کەتوار و کاریگەریی کرداری، داوە. بۆ نمونە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا خاوەنی ڕێبازی پەروەردەیی پراگماتیکییە، لەو بواردەدا بە شێوەیەکی پراگماتیی و ماتریالی بیردەکاتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دەبێت پەروەردە بە کرداربێت و زیاتر لە کەتوار و ژیانی ناو کۆمەڵ و پێشکەوتنی پیشەسازیدا هەڵبکات و لێی نزیک بێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

لەبارەی زمانەوە (جۆن دیوی) پێیوایە، زمان ئامرازی سەرەکیی بواری پەروەردە و فێرکردنە. هەروەها زمان بیر دەنوێنێت و پێویستیشە بۆ بیرکردنەوە. بە جۆرێک بیر سود لە هێما و واتاکانیان وەردەگرێت. بۆ ئەوەی لە واتاش تێبگەین، پێویستە بیرۆکەی هێماکان لە کەرەستەی مادیدا بەرجەستەبن و پێیانەوە ببەسترێنەوە. لە هێماشدا ئەوەی گرنگە خودی هێماکە نییە، بەڵکو ئەو واتایە گرنگە، کە دەیگەیەنێت( DEWEY, 1910, 170- 171). ئەوەی لێرەدا تایبەتمەندیی ئەم زانایەی دەرخستوە لەم ڕایەیدا لەبارەی زمانەوە، بەرجەستەبونی واتایە لە جیهانی مادی و گرنگیدانە بە ناوەرۆکی هێما، لەبری فۆرم. دیارە بەرجەستەبونی بیر و مەعریفە لای دیوی، تەوەری سەرەکیی ڕایەکانیەتی، کە فەلسەفەکەی لەسەر دامەزراوە. گرنگیدان بە مەبەست و پەراوێزخستنی فۆرمیش، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی تێڕوانینی پراگماتیکی بۆ زمان، کە لە زەمینی فەلسەفەی پراگماتیزمدا سەری دەرهێناوە. لەلایەکی ترەوە، زمان بە ئامرازی سەرەکیی پەروەردە و فێرکردن دادەنێت. وەک پێشتر باسکرا، لەبارەی پەروەردە و فێرکردنیشەوە خاوەن بیر و فەلسەفەی خۆیەتی. فەلسەفەی پەروەردە لای ئەو بریتییە لە بەرجەستەبون لە کەتوار و جیهانی مادی و، کاریگەریی کردارەکی و خزمەتی کۆمەڵگا. بەم پێیە زمان لای ئەو دەبێت بە ئامرازی گەیشتن بەو ئامانج و فەلسەفەیە.

هەروەها جۆن دیوی ڕای وایە، کە دروستکردنی هێما و بارکردنی واتا لێی، بوەتە هۆی کورتکردنەوەی ڕێگای پەیوەندیکردن و، دەشبێتە هۆی پاراستن و هەڵگرتنی واتا. ئەمەش بۆ بیرکردنەوە و بەکارهێنانی لە داهاتودا سودی دەبێت، چونکە بیرکردنەوە پشت بە واتای خەزنکراو دەبەستێت. بۆیە زمان بە ئامرازی هەڵگرتنی واتا دەزانێت. ئەم هەڵگرتن و بەکارهێنانەوەیەش کلیلی هەمو حوکمکردن و دەرکەوتنێکە( DEWEY, 1910, P174). کەواتە بەشێوەیەکی گشتی زمان لای جۆن دیوی (ئامراز)ێکی سودبەخشە. سودی زمانیش جۆراوجۆرە و بەشێوەی جیاواز خزمەت بە ژیانی مرۆڤ دەکات، وەک پێشخستن و خزمەتکردنی پەروەردە و، دواتر دروستکردنی گۆڕانکاریی کردارەکی لە ڕێگای پەروەردەوە. هەروەها زمان ئامرازێکی بەسودی بیرکردنەوەیە. بیرکردنەوەش هۆکاری باشکردن و پێشخستنی ژیانی مرۆڤە.

کورتەی ڕایەکانی جۆن دیوی ئەوەیە، بیرکردنەوە و مەعریفە و زمان، ئامرازن. بیرکردنەوە ئامرازی چارەسەرکردنی کێشەکانە. مەعریفە ئامرازێکە، دەبێت ببێتە هۆکاری کردارێکی سودبەخش بۆ تاک و کۆمەڵگا. زمانیش ئامرازی سەرەکیی پەروەردە و فێرکردن و بیرکردنەوە و پاراستن و هەڵگرتنی بیر و واتایە، هەمو ئامرازێکیش ئەرکی چاککردن و ڕێکخستنی تاک و کۆمەڵگایە و هەمو کارێکیش لە پێناوی قازانجە.

بەشێوەیەکی گشتی فەلسەفەی پراگماتیزم کار لەسەر بیرۆکە و چەمکی حەقیقەت دەکات. لەوەشدا دو بابەتی سەرەکی زۆر جێی بایەخن، یەکەمیان بابەتی کردارەکی و دوەمیان بابەتی سودە. فەیلەسوفانی پراگماتیزم جەخت لەو دو لایەنەی بیر و ڕاستیی بیرۆکەکان دەکەنەوە. واتە کردارەکیبون و سودگەیاندن ئەو چەمکە سەرەکییانە بون، کە بونە بە تەوەر و ئەو فەلسەفەیەی لە سەر دامەزراوە و کراوە بە پێوەری ڕاستی و گرنگیی بیرۆکەکان لە بۆتەی کەرەستە زمانییەکاندا. بەم پێیە و بە بیرکردنەوەیەکی پراگماتییانە ڕەهەندی کردارەکی و سودی زمان دیوە گەش و گرنگەکەی زمانن، و جێی بایەخ و شایەنی لێکۆڵینەوەن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

## تەوەری دووەم: کاریگەریی فەلسەفەی پراگماتیزم لە سەر ڕەوتی زمانەوانی

فەلسەفەی پراگماتیزم کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوتی لێکۆڵینەوە زمانییەکان بەگشتی و بواری واتا بەتایبەتی، هەبوە. بۆیە دەبینین چەند بوارێکی زمانەوانی، بۆ ڕونکردنەوەی وردەکارییەکانی چۆنیەتی کارکردنی زمان و کارکردن لەسەر زمان، ڕێچکەی هاوشێوە یان کاریگەر بە ڕێچکەی فەیلەسوفە پراگماتیستەکان هەڵبژاردوە. کاریگەرییەکەش بە دو شێوەیە، هەندێ بواری زمانەوانی وەک (پراگماتیک) ڕاستەوخۆ لە باوەشی فەلسەفەکەدا پەیدابوە. هەندێکی تریان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە فەلسەفەکە کاریگەربونە و شێوازی کارکردنیان لە فەلسەفەکەوە وەرگرتوە. لە خوارەوە پەیوەندیی گرنگترین ئەو بوارانە بە پراگماتیزم و خاڵی هاوبەش و فەلسەفەی هاوبەشی کارکردنیان دیاریدەکەین.

### پراگماتیزم و هێمازانی

هێمازانی (Semiotics) لە وشەی کۆنی گریکی (Semeion) وەرگیراوە، کە بە واتای (هێما) دێت. ئەم وشەیەش بۆ یەکەم جار لەلایەن فەیلەسوفی ئەزمونگەرا (جۆن لۆک ١٦٣٧- ١٧٠٤)ەوە بەکارهاتوە، کاتێک پەیوەندییەکی ئاماژەیی لە نێوان (بیرۆکە) و دەنگ یان وشەکان دۆزییەوە و وەک هێمازانی هەژمارکرا، کە وشە و دەنگەکان ئاماژەن بۆ بیرۆکەکان. هێمازانی لەوە دەکۆڵێتەوە، کە چۆن شتێک واتای شتێکی دیکە دەدات. یان شتێک دەتوانێت شتێکی دیکە (وەک تێگەیشتن) بێنێتە ناو هۆشەوە. بەم جۆرە لێکۆڵینەوە لە هێماکان دەبێتە لێکۆڵینەوە لە بیرکردنەوە. لە سەردەمی هاوچەرخیشدا لەژێر ناوی هێمازانی (سیمۆتیک) چەند لقێک پەیدابون، لەوانەش هێمازانیی پراگماتیکی، کە لەلایەن پێرسەوە گەشەی پێدراوە(ئارام قادر، ٢٠١٦، ل٦٠٥). سەبارەت بە زاراوەکە، لە زمانی کوردیدا، جگە لە (هێمازانی)، هەریەک لە زاراوەکانی (سیمۆتیک، سیمۆلۆجی، هێمالۆجی، هێماکاری)یش بەکاردێت.

دەبێت ئەوە بزانین پراگماتیک لە هەناوی هێمازانییەوە سەرچاوەی گرتوە. هێمازانیش بە (چارلس پێرس)ی فەیلەسوف و لۆجیکزانی ئەمریکاییەوە بەستراوەتەوە. بەلای (پێرس)ەوە لۆجیک هاواتای (هێمازانی)یە، بۆیە هێمازانی لای ئەو ئەرکی فەلسەفی و لۆجیکیی هەیە و ناتوانرێت لە فەلسەفەکەی جیابکرێتەوە. هێما لە هێمازانیی پێرسدا سێ ڕەهەندی هەیە: خودی هێماکە(sign in itself)، بابەت (object)و گوزارشت (interpretant)، ئەم سێ لایەنەش پێکەوە وەکو یەک (یەکە) کاردەکەن. بۆ نمونە کاتێک قوتابییەک بە هاوڕێکەی دەڵێت "شێر لە پۆلدایە" ئەوا هێماکە (شێر)ە و بابەتەکە (مامۆستا)یە و گوزارشت لە ترساندن دەکرێت. بەم پێیەش هێما لای ئەو ڕەهەندی (ڕۆنانی) و (واتاسازی) و (پراگماتیکی)ی هەیە(خالد دلكي، ٢٠١١، ص٣٨-٣٩). واتە ڕەهەندەکانی هێما لای پێرس بریتی بون لە (هێما، شت، مەبەست/ ڕاڤە/ گوزارشتی لە بیردا). ئەمەش جیاوازبو لە تێڕوانینی هێما لای سۆسێر، کە بە لای ئەوەوە هێما دو ڕەهەندی هەیە (فۆرم و واتاکەی)[٤]، بەڵام لای پێرس سێ ڕەهەندی هەیە. لە نێوان ئەو ڕەهەندە جیاوازانەشدا پەیوەندیی دوقۆڵی هەیە، کە بریتین لە پەیوەندیی نێوان (هێما و شت، هێما و بیر، بیر و شت). هەروەها تیۆری هێما لای پێرس گشتگیرترە و فراوانترە. تەنیا تاکە کەرەستەی سادەش ناگرێتەوە، بەڵکو سادە و ئاڵۆزیشی هەیە. هەر بابەت و شتێک هەرچەندە ئاڵۆزیش بێت، دەشێت بە هێما دابنرێت و لەو سێ ڕەهەندەوە سەیربکرێت(ئارام قادر، ٢٠١٦، ل٦٠٥، ٦٠٦). بەم پێیە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

دەشێت گرێ و ڕستەش ببن بە هێما و لەو سێ ڕەهەندەوە سەیربکرێن. ئەمەش تایبەتمەندیی تێڕوانینی پێرس بو بۆ هێما.

لەلایەکی ترەوە پێرس گرنگیی بە هەمو جۆرەکانی هێما دەدا و هێمای زمانیشی هەروەک ئەوانی تر دادەنا، بەڵام کەسێکی وەک سۆسێر، گرنگیی بە هێمای زمانی دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا پێرس گرنگیی زۆرتری بە هێما داوە، چونکە چالاکییەکانی لە دەرەوەی زمانەوانی بون. سۆسێر تەنیا گرنگی بە هێمای زمانی دەدا و زمانی بە سیستەمێکی هێمایی داناوە و لە ڕوانگەی دەستکەوتەوە سەیری زمانی نەدەکرد. هەرچی (پێرس)ە، بەو جۆرە لە بیرۆکە (idea)ی ڕوانیوە، کە دوای گەیاندنی، چ کاریگەرییەکی هەیە. واتە (بیرۆکە) بە لای ئەوەوە پرۆژەیەکی کارە، نەک حەقیقەتێک بێت لە خودی خۆیدا. پێرس لەسەر ئەم بنەمایە فەلسەفەی پراگماتیزمی دامەزراندوە. واتە لەم فەلسەفەیەدا بیرۆکە پرۆژەی کارە و پلانی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر دەوروبەر. واتە واتای بیرۆکە بە ئەنجام و کاریگەرییەکانییەوە بەندە. پێرس لە هێمازانیدا کاری لە سەر کار و کاریگەریی هێما کردوە لە دەوربەردا(خالد دلكي، ٢٠١١، ص٣٩-٤٠). بەم پێیە پراگماتیی هێما لای پێرس لەوەدایە، کە هێما و ئەو بیرۆکەیەی هەڵیدەگرێت پرۆژەی کارن و مەبەست لە بەکارهێنانیان دروستکردنی کاریگەریی ئەرێنییە لە کەتواردا، بەجۆرێک لە خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندییەکی دیاریکراودابێت. جگە لەوە، بە شێوەیەکی گشتی دروستکردنی هێما لەلایەن مرۆڤەوە لە پێناوی کارئاسانی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی و باشترکردنی ژیانی خۆیەتی.

پێرس باوەڕی وایە ((تەنیا بە هۆی هێماکانەوە بیردەکەینەوە))(دانيال تشاندرلر، ٢٠٠٨، ص٤٥). هەمو بیریش بە هێما دادەنێت، چونکە تێگەیشتن لە بیر لە ڕێگای هێماکانەوە دەبێت. تێگەیشتن لە هێماش تەنیا بە تێگەیشتنی ڕوکەش و سادەی ڕۆژانەی خەڵک نابێت، بەڵکو هێما لای پێرس سیستەمە و لەگەڵ فەلسەفە و لۆجیک و زانست لە پەیوەندیدایە. بەهۆی ئەوەی هێما و بیر پێکەوە بەندن و واتا و تێگەیشتن پەیوەستە بە ڕاڤەی هێماوە. هێما وەک سەرچاوەیەکی گرنگی زانین دیاریدەکرێت. بە بڕوای پێرس کۆمەڵگا سیستەمێکی هێماییە و ڕێکخستنی تەواوی کۆمەڵگا لە سەر هێماکان وەستاوە. بە لای پێرسەوە سەرجەم چالاکییەکانی بیر بەهۆی هێماوە دەکرێت، بۆیە هێما پەیوەندیی نێوان بیر و جیهانی دەرەوە ڕێکدەخات(ئارام قادر، ٢٠١٦، ل٥٩٥، ٥٩٦، ٦٠٣). پێویستیی کۆمەڵگاکان بە هێما لە کۆمەڵگا پێشکەتوەکاندا زۆرترە، چونکە پێشکەوتن و فراوانبونی بوارەکانی ژیان، ئاڵۆزبونی ژیان و پەیوەندییەکانی لێدەکەوێتەوە. ئەمەش پێویستی بە پەیوەندیی خێرا و پێشکەوتو هەیە. بە جۆرێک ئابوریکردنی کات و وزەی تێدا لەبەرچاوبگیرێت، چونکە لەگەڵ فراوانبون و ئاڵۆزبونی ژیاندا پێویستیی مرۆڤ بە کات و وزە زۆرتردەبێت. واتە بەهۆی فراوانبونی زمان و زۆربونی کەرەستە و پێویستییەکانی ژیان و سنورداریی کات و وزە (وزەی مرۆڤ، چ قسەکەر بێت چ گوێگر)، مرۆڤ هەوڵی کورتکردنەوەی زمان دەدات، بۆ ئەمە (واتای زۆرتر لە زنجیرە دەنگی کورتتر باردەکات، بەمەش قسەکەر و گوێگر قازانج دەکەن و وزە و کاتیان بۆ دەگەڕێتەوە)(عەبدوڵڵا حوسێن، ٢٠٠٢، ل١٠). هێماش بریتییە لە کۆکردنەوەی واتا لە فۆرمێکی کورتدا. ئەمەش بنەمای ئابوریکردنە لە زماندا. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بایەخی کات کەمترە، لەچاو کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا. لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا بۆ پێراگەیشتن بە هەمو ئاڵۆزییەکانی ژیان، کورتکردنەوەی ڕێگاکان زۆرتر پێویستە، بۆیە دەبینین هێما هەمو بوارێکی ژیانی لەو کۆمەڵگایانەدا تەنیوە. بەکارهێنانی (هێما بۆ شیکردنەوە زانستی، گرنگی زۆری هەبوە لە شۆڕشی پێشکەوتنی لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەدەی بیستەمدا. بە سودوەرگرتن لەو ڕێگایە هەریەک لە زانستەکانی بیرکاری و فیزیا پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە)(ميلكا افيتش، ٢٠٠٠، ص٣٤٣). هەروەها زانستە جیاوازەکان و بازاڕ و کاڵای فرۆشراو و


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

ڕێگاوبان و کارگە و کۆمپانیا و ..هتد پڕن لە هێمای جۆراوجۆر، کە تێگەیشتن لێیان خێرا و ئاسانە، لە هەمان کاتدا بنەمای ئابوریکردنی کات و وزەی تێدایە و، قسەکەری زمانە جیاوازەکانیش دەتوانن لێیان تێبگەن. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی هێما و لە کۆتاییدا بە قازانجی مرۆڤ دەشکێتەوە.

کاتێک پێرس سەرجەم چالاکییەکانی بیر بە هێما دادەنێت. مەبەست ئەوەیە هێما گوزارشت لە بیر دەکات و دەیگەیەنێتە جیهانی دەرەوە. واتە بیر لە جیهانی مادیدا بەرجەستەدەکات. ئەو بەرجەستەکردنەش دەبێتە پرۆژەیەکی کار و، کاریگەریی کرداریی لە کەتواردا دەبێت. ئەمەش ڕۆڵ و گرنگیی هێما و ڕەهەندی پراگماتیی هێما لە ژیانی مرۆڤدا دەردەخات.

زمان لای پێرس نمونەیەکی سەرەکیی هێمایە، کە کەرەستە زمانییەکان دەبن بە هێمای کەس و شت و بیرەکان، بۆ نمونە جێناوەکان(ئەو) دەبن بە هێمای کەسەکان(ئازاد). واتە دەشێت زمان وەک ئایکۆنێک دابنێین. زمان دەتوانێت سود لە جۆرە جیاوازەکانی هێما وەربگرێت بۆ وێناکردنی بیر، وەک ڕستە و وشە و پیتەکان و ڕێزمان ..هتد. بەمەش دەتوانرێت زمان وەک سیستەمێکی هێمایی سەیربکرێت(ئارام قادر، ٢٠١٦، ٦١٤-٦١٥). ئەگەر بنەمای فەلسەفیی هێما لە ژیانی مرۆڤدا بریتییبێت لە کاریگەریی کرداری، ئەوا فەلسەفەی زمان هەمان ئەو بنەمایەی دەبێت. واتە زمان و بەکارهێنانی ئەو سیستەمە هێماییە، هەمیشە پرۆژەی کارە و بە ئامانجی کاریگەریی کرداری، زمان بەگەڕدەخرێت.

## هێمازانی و پراگماتیک

هێما ڕۆڵێکی گرنگ لە (تیۆری واتا) لای چارلس پێرس دەگێڕێت، کە بە (فێرگەی پراگماتیکی واتا) ناودەبرێت، لەو فێرگەیەدا ڕەفتار بەرامبەر وشە و دەربڕینەکان دەوەستێت. بۆ پێرس پرۆسەی گواستنەوەی واتا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر تەنیا لە ڕێگای هێماوە دەبێت. تیۆری واتاش لای پێرس پەیوەستە بە تیۆری هێماوە، چونکە هێماکان واتا دەبەخشن، ئەویش بە ڕێگەی پەیوەندیی نێوان هێما و ئەو بابەتەی دەینوێنێت. هێمازانی لە واتا و کاریگەریی کردارریی هێماکان دەکۆڵێتەوە. واتاش زانین دەگەیەنێت و دەبێتە تێگەیشتن. هەروەها لە پرۆسەی کردنەوەی هێماکاندا بیر دەکرێت بە زانین و ناسینی شتەکان. دوای ئەو پرۆسەیەش دەتوانرێت واتا بە هێما بدرێت(ئارام قادر، ٢٠١٦، ل٦١٦). واتە هێمازانی لە کردەی تێگەیشتن و واتابەخشین بە هێماکان دەدوێت. ئەم واتاپێدانەش پێویستیی بە زانین و توانستی مەعریفی هەیە. هێماکان لەلایەن بەکارهێنەرانەوە واتایان پێدەدرێت، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ مەعریفە و ئەو دەوروبەرەی تیایدا واتا بە هێماکان دراوە و دوبارە واتایان لێ بەدەستدەخرێت. زەمینەی سازکردن و کردنەوەی هێما ئەو کۆمەڵگایەیە، کە بەها بۆ هێما دادەنێت.

وەک پێشتر ڕونکرایەوە، هێما لای (چارلس پێرس) سێ ڕەهەندی هەیە. یەکێکیان ڕەهەندی پراگماتیکییە و پەیوەندیی بە گوزارشت و مەبەستی نێرەرەوە هەیە بۆیە (چارلس مۆریس) بەجۆرێک ئەم بۆچونە دوبارە دەکاتەوە و دەڵێت ئێمە لە پراگماتیکدا گرنگیی بە پەیوەندیی هێما و ڕاڤەکاران دەدەین. واتە مامەڵە لەگەڵ لایەنی زیندوی هێمادا دەکرێت، کە هەمو ئەو لایەنە دەرونی و کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە، کە لە هێمادا بەرجەستەدەبن. واتە پراگماتیک زانستی هێمای لە دۆخی وەستاو لە چوارچێوەی ڕستەسازی و سیمانتیکدا گواستەوە بۆ دۆخی جوڵاو(داینەمێکی) لای نێرەر، کە دەیەوێت وەرگر/ ڕاڤەکار مەبەست و باری دەرونیی و کۆمەڵایەتیی لا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

ڕونبێت(خالد دلكي، ٢٠١١، ص٤٣). هەر بۆیە مۆریس دەڵێت پراگماتیک ((لە لایەنی زیندوی هێماکان دەکۆڵێتەوە. واتە هەمو ئەو دیاردە دەرونی و بایەلۆجی و کۆمەڵایەتییانەی، کە لەو کاتەی هێماکان ئەرکی خۆیان بەجێدەگەیەنن، ڕودەدەن))(احمد شفیق، ٢٠٠٦، ص١٢٦-١٢٧). بەم پێیە، چارلس مۆریس، کە بە هەمان شێوەی چارلس پێرس، فەیلەسوفێکی ئەمریکاییە، بە هەمان شێوەی ئەویش زانستی لێکۆڵینەوەی هێما و کەرەستە زمانییەکانی لە چوارچێوەی پراگماتیکدا هێنایە ناو کەتوارەوە و بەرگێکی زیندوی بەبەردادەکات.

لەلایەکی ترەوە، یەکێک لە تیۆرەکانی پراگماتیک (تیۆری هێڵداری)یە، کە بیرۆکەکەی بۆ (کارناب) و (چارلس پێرس) دەگەڕێتەوە. ئەم تیۆرە گرنگیی بە ڕێکخستنی هێماکان دەدات. لێکۆڵینەوە لە هێما دابەشی سەر سێ ئاست دەکات:

- سینتاکس: لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان هێماکان دەکات.
- سیمانتیک: لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان هێما و تەن لە دەرەوە دەکات.
- پراگماتیک: لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان هێما و شیکەرەوەی هێما دەکات.

دەکرێت کاری هەر سێ ئاستەکە لەم هێلکارییەدا ڕون بکرێتەوە:

گوتن(أ)
↓
سینتاکس
↓
وەسفی پێکهاتەی (أ)
↓
سیمانتیک
↓
ناوەرۆکی گوتن (أ)
↓
پراگماتیک
↓
نرخی کردەی (أ) (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٤، ل٣٥).

بەم پێیە پراگماتیک کاری سەرەکی دەبێتە لێکۆڵینەوە لە هێما و واتاپێدانی هێما لەلایەن بەکارهێنەرانەوە. کە واتاپێدانی قسەکەر لە کاتی بارکردنی واتاکان لە هێماکان و هەروەها واتا و نرخپێدانی گوێگر لە کاتی کردنەوەی هێماکاندا دەگرێتەوە. ئەمەش سنوری هاوبەشی نێوان هێمازانی و پراگماتیکە.

### پراگماتیک(Pragmatics) و پراگماتیزم(Pragmatism):

پراگماتیک ڕێبازێکی ڕۆژئاوایی نوێیە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان. بە فەلسەفەی پراگماتیزم کاریگەرە بۆ گەڕان بە دوای شتەکان و ئەوەی پەیوەستە پێیانەوە. ئامانجی دیاریکردنی مەبەستی زمانە. ئەمەش دوای باڵادەستبونی ڕۆنانکاری دێت، بۆ ماوەیەکی زۆر، کە گرنگیی زۆریان بە ڕۆنان و ڕوکەشی زمان دەدا و زۆر لایەنی وەک واتا و دەوروبەر و بەکارهێنانی زمانیان فەرامۆش کردبو. پراگماتیک وەکو کاردانەوەیەک لە بەرامبەر دەمارگیریی ڕۆنانکارەکان سەبارەت بە ڕۆنان، پەیدابو، کە لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەر و مەبەستە پراگماتییەکەی و کاردانەوەی وەرگر، دەکات. ئەمەش ناچێتە ژێر باری لێکۆڵینەوەی ڕۆنانکارییەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

لەمەدا زمانەوانی کاریگەربو بە فەلسەفەی پۆزیتیفیزم، کە ئەمیش کاریگەرە بە ئەزمونگەرایی. بەمەش زمانەوانی جارێکی تر گەڕایەوە بۆ فەلسەفە. کە لە ڕاستیشدا نەیتوانیبو خۆی لێ ڕزگار بکات، بەو جۆرەی، کە سۆسێر بانگەشەی بۆ دەکرد. پراگماتیک(Pragmatics) لەسەر بنەمای فەلسەفەی پراگماتیزم(Pragmatism) دامەزراوە (محمود عكاشة، ٢٠١٣، ص٣) و، هێڵە گشتییەکانی کارکردنی لەو فەلسەفەیەوە وەرگرتوە. کە بریتییە لە لایەنی کردارەکی و بیری پراگماتیی. (لیڤنسۆن)° پێیوایە بناغەی یەکەمی گەشەکردنی پراگماتیک وەکو کاردانەوەیەک بو بەرامبەر بەو چارەسەرەی (چۆمسکی) بۆ زمان دایتابو، کە بە شتێکی ئەبستراکت وەسفی کردوە و لە توانایەکی هزریی ڕوت کورتی کردوەتەوە. بێ گوێدانە ئەرک و بەکارهێنانەکانی(عبالهادي بن ظافر، ٢٠٠٤، ص٢١). ئەم زانستە ((لە چوارچێوەی بۆچونی بەکارهێنان واتا لێکدەداتەوە، هەر بۆیەش هەندێک جار بە زانستی بەکارهێنان (The science of use) ناودەبرێت)) (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٤، ل١٧). بەپێچەوانەی ڕۆنانکاری، کە لە دەرەوەی مرۆڤ و، وەک کەرەستەیەکی بێگیان سەیری زمان دەکات. ئەمەش لایەنی سەرەکیی پێکچوی زانستی پراگماتیک و فەلسەفەی پراگماتیزمە.

پراگماتیک بە ناوی (چارلس مۆریس)ەوە تۆمارکراوە، ئەمیش سودی لە کارەکانی (چارلس پێرس) وەرگرتوە، کە یەکەم بەکارهێنەری زاراوەی (پراگماتیزم)ە بە واتا نوێیەکەی. مۆریس بە سودوەرگرتن لە هێمازانی و بیرۆکەی (کار)ی (چارلس پێرس) زانستی پراگماتیکی بنیادنا(خالد دلكي، ٢٠١١، ص٤١- ٤٢)، چونکە لە هێما زمانییەکان دەکۆڵێتەوە لەباری بەکارهێناندا. وەک لە سەرەوەش باسکرا، کە ڕەگ و ڕیشەی پراگماتیزم دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی ماتریالیزمی و پۆزیتیفیزمی ئەزمونگەرایی، بە هەمان شێوە پراگماتیکیش کاریگەربوە بەو ڕێبازانەی فەلسەفە لە گەڕان بەدوای ڕونکردنەوەی شتەکان و ئامانجی دیاریکردنی مەبەستی زمانە(محمود عكاشة، ٢٠١٨، ص٨٢). بۆ ئەمەش بۆ کەتوار دەگەڕێتەوە و ئەزمونکردنی زمان دەکات بە بابەتی خۆی.

(چارلس پێرس)، کە زاراوەی پراگماتیزمی لە (ئیمانوێل کانت) وەرگرتوە، بۆ بواری زمانەوانیی گواستویەتییەوە. دواتر زاراوەی (پراگماتیک)ی لێ داتاشراوە و تایبەت کراوە بە بواری زمانەوانی. پاشان (جۆرج یۆل) تایبەت بە زمانەوانی بەکاریهێناوە. هەروەها هەریەک لە ئۆستن و سێرێل و کارناب و لۆدڤیچ ڤیتگنشتاین پەرەیان بە بەکارهێنانی زاراوەی پراگماتیک داوە لە بواری زمانەوانیدا(محمود عكاشة، ٢٠١٨، ص٨٢). لە ڕوی زاراوەشەوە هەردوکیان هەمان بنەڕەتیان هەیە، کە (وشەی (pragma)ی گریکییە و، بە واتای کارکردن، یاخود پراکتیک دێت)(عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٤، ل٢٢). هەندێکیش پێیان وایە زاراوەی پراگماتیک لە (Pragmaticus)ی لاتینی یان (Pragmaticos)ی گریکییەوە هاتوە، کە ئەمیش هەر بە واتای کارەکی دێت(شێرزاد سەبری، ٢٠١٤، ل٨). بەم پێیە لێکۆڵینەوە لە لایەنی کردارەکی و کاری بەرجەستەکراو لە کەتواردا خاڵی هاوبەشی نێوان پراگماتیزم و پراگماتیکە، چونکە پراگماتیزم پێی وایە، بیرۆکە، وێنە و شێوە و بۆچون نییە لە مێشکدا، بەڵکو ئەو کار و کاریگەرییەیە، کە لە کەتواردا دەکرێت و دروستی دەکات. پراگماتیکیش لە لایەنی کردارەکیی زمان و ئەو کاریگەری و کردەیەی بیرۆکەکە(واتا/ ناوەرۆکی گوتن)، کە لە کەتواردا بەرجەستەدەبێت، دەکۆڵێتەوە. بۆیە سەرچاوەی زانستی پراگماتیک، فەلسەفەی پراگماتیزمە. دواتر پراگماتیک توانی وەک لقێکی سەربەخۆی بواری زمانەوانی، کە گرنگیی بەلایەنی واتای زمان بدات، دەربکەوێت. ئەم زانستە گرنگی بە لایەنی کردارەکیی و بەرجەستبونی زمان و، هەڵهێنجانی واتا و دیاریکردنی مەبەستی قسەکەر لە پەیوەندیکردندا، دەدات.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

چارلس پێرس، کە ڕاستیی بیرۆکەیەک، لە بۆتەی دەستەواژەیەکدا بەو ئەنجام و کار و شوێنەوارەی لە پاشی بەجێدەمینێت، دەبەستێتەوە، ئەمە جەختکردنە لە بەکارهێنانی کردارەکیی زمان و ئامانج و ئەنجامی قسەکردن، کە مەبەستی سەرەکیی لێکۆڵینەوەی پراگماتیکییە و لەمەدا سروش(ئیلهام)ی لە پراگماتیزم وەرگرتوە.

پراگماتیزم ڕەوتێکی گشتیی کارکردنە بۆ چارەسەرکردنی وتوێژە فەلسەفییەکان، هەوڵدەدات شیکردنەوە بۆ هەمو بیرۆکەیەک بکات، لە ڕێگای کاریگەرییە کردارەکییەکەیەوە(علي عبدالهادي، ٢٠٠٨، ص٢٤). فەلسەفەکە هیچ جۆرە کێشەیەکی فەلسەفی ناوروژێنێت، بەڵکو هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدات،کە لە ئارادان. لەناو ئەو بابەتانەشدا (واتا) و (ڕاستی) و (سود و قازانج) زۆرتر بوەتە جێگای باس و، پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیادا هەیە. بە جۆرێک، (واتا)ی دەستەواژەیەک ئەو کاتە (ڕاستە)، کە (سود و قازانج) بە مرۆڤ دەگەیەنێت(حەمید عەزیز، ٢٠١٣، ل٣١٦). واتە لە ڕوانگەی پراگماتیزمەوە ئاخاوتنی مرۆڤ ئەو کاتە جێی بایەخە و بەهەند وەردەگیرێت، کە سود و قازانجی بۆ مرۆڤ هەبێت، بەپێچەوانەوە هیچ پێوەرێکی تر بۆ ڕاستیی ئاخاوتن نییە. ئەمەش جەختکردنە لە بەکارهێنانی کردارەکییانەی زمان و ئەو جۆرە واتایەی، کە پراگماتیک گرنگیی پێ دەدات، کە واتای مەبەست و بەکارهێنانی کردارەکییانەی زمانە. بۆیە دەگوترێت پراگماتیزم و پراگماتیک ((چەند ڕەهەندێک لە بواری پراکتیکی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، لەوانەش ئامانج و مەبەست))(عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٤، ل٤٤). بەم جۆرە ئەگەر ڕۆنانکاری لە جەستەی زمان بکۆڵیتەوە، وەک کەرەستەیەکی بێگیانی بەردەستی مرۆڤ، ئەوا پراگماتیک لە بەکارهێنانی کردارەکییانەی زمان دەکوڵێتەوە، وەک ڕەوشتێکی مرۆڤ، لە پێناوی ئامانجی دیاریکراودا. لە پراگماتیکدا ئەوەندەی ئامانجی قسەکردن گرنگە، فۆرمی قسەکردن ئەوەندە گرنگنییە. ئەمەش هەمان بنەمای کارکردنی پراگماتیزمە.

## بنەمای (کردارەکی) لە چەند بوارێکی تری زمانەوانیدا

وەک باسکرا، بنەمای سەرەکیی فەلسەفەی پراگماتیزم، ڕەهەندی (کردارەکی)یە. لە پراگماتیزمدا بایەخ بەوە دەدرێت، کە بیر و هێما و مەعریفە و فەلسەفە بە شێوەیەکی کردارەکی لە کەتواردا بەرجەستەبن. هەروەها خاڵی هاوبەشی نێوان پراگماتیزم و پراگماتیک ئەم بنەمایەیە. ئەم بنەمایەی کارکردن لە زۆر لایەنی تری کارکردنی زمانەوانیدا ڕەنگیداوەتەوە. دوای قۆناغێک لە گرنگیدان بە فۆرم و بە تیۆر، زمانەوانی ڕوی لە لێکۆڵینەوەی بەکارهێنان و ناوەرۆکی زمان و لایەنی کردارەکیی زمان کرد. ئەمەش لە ژێر ناوی تیۆر و ڕێباز و لقی جۆراوجۆری زمانەوانیدا پەیڕەوکراوە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

### یەکەم: زمانەوانیی کارەکی:

زمانەوانیی کارەکی لقێکی گرنگی زمانەوانییە، بەرامبەر بە زمانەوانیی تیۆری دەوەستێت. لێکۆڵینەوە لەو بوارانەی زمان دەکات، کە پەیوەندییان بە کێشەی (کردەیی)ەوە هەبێت. ئەم لقە سود لە زانستەکانی تری وەک کۆمەڵناسی و دەرونناسی و مرۆڤناسی وەردەگرێت(یوسف شەریف، ٢٠١١، ل٩). واتە ئەم لقەی زمانەوانی گرنگی دەدات بە بەکارهێنانی زمان و گرفتەکانی زمان یان ئەو گرفتانەی لەکاتی بەکرداریکردنی ئەو بابەتانەدا دێتەئاراوە، کە زمانەوانی تیۆری لێی دەدوێت.

سەرەتای دەرکەوتنی زمانەوانی کارەکی بۆ هەوڵەکانی فێرکردنی زمانی ئەمریکایی لە کات و لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم دەگەڕێتەوە، کە بەپێی بەرنامەیەک بەڕێوەدەچو، تاڕادەیەکی زۆر پشت بەو بەرنامانە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

دەبەسترا، کە (لیۆنارد بلۆمفیلد) بۆ فێرکردنی زمانە بیانییەکان لە ساڵی (١٩٤٢) داینابو. هەر لە ئەمریکا لە ساڵی (١٩٤٨) لە زانکۆی میشیگان (Michigan) دوای بەستنی کۆنفرانسێک، گۆڤارێکی تایبەت بە فێرکردنی زمان دەرچو، لەوێدا بۆ یەکەم جار زاراوەی (زمانەوانیی کارەکی- Applied Linguistics) بەکارهات( Mohamed AbdAlla, 2020, p10). واتە هەر لەو وڵاتەی، کە فەلسەفەی پراگماتیزم تێدا سەریهەڵداوە. هەر بەو شێوازە کارکردنەی، کە فەلسەفەی پراگماتیزم بانگەشەی بۆ کرد، کە بریتیبو لە گۆڕینی تێروانین بۆ بابەتە مەعریفی و فەلسەفییەکان لە چالاکییەکی هزرییەوە بۆ بابەتێکی کرداری. زمانەوانیی کارەکییش بابەتە تیۆرییەکانی زمان وەک دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازیی بەلاوەنا و ڕویکردە بەکارهێنانی زمان.

ئەگەرچی بوارەکانی زمانەوانیی کارەکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر دەبن، بەڵام بەپێی کارنامەی کۆنگرەی (کۆمەڵەی ئەمریکایی زمانەوانیی کارەکی- AAAL)[٦] لە ساڵی (٢٠٠٢) لە لیستێکی (١٨) ناونیشانیدا خرایەڕو، کە ئەمانەن: (زمان و وەرگرتنی، زمان و خەملاندن، زمان و مێشک، زمان و درککردن، زمان و کلتور، زمان و بیروباوەڕ، زمان و فێرکاری، زمان و کارلێککردن، زمان وگوێگرتن، زمان و میدیا، زمان و ڕامیاری، زمان و خوێندنەوە، زمان و شێوازی توێژینەوە، زمان و کۆمەڵگا، زمان و ئاخاوتن، زمان و تەکنەلۆجیا، زمان و وەرگێڕان، زمان و نوسین)(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، ٢٠١٥، ل٥٦). دەبینین هەمو ئەم بابەتانە بابەتی کردارەکیی ناو کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤن. واتە بابەتی زمانن لە دۆخی بەکارهێناندا. ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی زمانەوانیی کارەکییە لە زمانەوانیی تیۆری، کە لە دەرەوەی مرۆڤ لە زمان دەکۆڵێتەوە. بەمەش بابەتی (کردارەکی) بوە بە بنەمای لێکۆڵینەوەی زمانی و، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە بەرەو ئەو ئاراستەیە ڕۆیشت، کە خزمەتی کرداریی مرۆڤ بکات و لە تیۆری ناو پەرتوکەکانەوە بگۆڕێت بۆ هەوڵی کردارەکی و کاریگەری و سودی کرداریی لە کەتواردا هەبێت، بۆیە لە یەکێک لە پێناسەکانی زمانەوانی کارەکیدا هاتوە، کە ((زمانەوانیی کارەکی، بایەخ بەوە دەدا، سەرجەم داتا و دەرئەنجامەکانی توێژینەوە تیۆرییەکان پراکتیزە بکا لە ژیانی ڕۆژانە و بە شێوەیەکی کارەکی بۆ سودی مرۆڤایەتی پیادەیان بکا))(هەمان سەرچاوە، ل٥٦). دەبێت ئەوەش بڵێین، کە یەکێک لە جۆرەکانی پراگماتیک بە ناوی (پراگماتیکی کارەکی- Applied Pragmatics)ە و لەو کێشانە دەکۆڵێتەوە، کە لە کاتی بەکارهێنانی زماندا دەردەکەون. واتە دەست بۆ ئەو بوارانەی زمان دەبات، کە دەبن بە کەرەستەی زمانەوانی کارەکی.

## دوەم: بۆچونی ڕەوشتکاری[٧] بۆ لێکدانەوەی واتا:

ڕەوشتکاری لە بنەڕەتدا جوڵانەوەیەکی دەرونناسییە، کە هەوڵی ئەوەی دا، دەرونناسی لە سەر بنەمایەکی زانستیی وا دابنێت، کە یەکسانبێت لەگەڵ زانستە سروشتییەکاندا. ڕەوشتکارەکان لە سەر ئەوە سوربون، کە دەرونناسی پێویستە تەنیا لە ڕەفتار بکۆڵێتەوە. ئەو یاسایانەی، کە پێویستە لقێکی زانستیی لەم جۆرە دیارییبکات، ئەوانەن کە پەیوەستن بە کارتێکەری ناوەکی و دەرەکی بۆ نواندنی ڕەفتار. بۆیە زۆرجار بە دەرونناسیی ڕەوشتکاری دەگوترێت (دەرونناسیی کار و کاردانەوە). کاریگەریی ڕەوشتکارەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوامبو. تا وای لێهات، شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازە توانییان پێناسەی دەرونناسی لە (زانستی عەقڵ)ەوە بگۆڕن بۆ (زانستی ڕەوشتی مرۆڤ)(هناء صبري، ٢٠١٥، ص١١٧). بەمە سنوری کارکردنی دەرونناسی لە ناخی مرۆڤەوە گوازرایەوە بۆ دەرەوەی مرۆڤ و، ئەو زانستە خۆی بە کەرەستەیەکی کردارەکییەوە خەریککرد. بەپێی ئەم ڕێبازە هەمو ڕەوشتەکانی مرۆڤ بەهۆی کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرەوەیە. کاردانەوەشمان بۆ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

دەوروبەر ڕەفتارمان دەنوێنێت. هەریەکە لە (جۆن واتسۆن) و (فردریک سکینەر) لەگەڵ هەندێک زانای تر لە ڕابەرانی ئەم ڕێبازەن. واتسۆن و سکینەر هەردوکیان خەڵکی ئەمریکان. سکینەر، کە بە ڕابەری ڕەوشتکاریی ڕیشەیی(الجذرية)(Radical behaviorism) دادەنرێت، لەگەڵ (چارلس پێرس)ی ڕابەری یەکەمی فەلسەفەی پراگماتیزم وەکویەک شێوازی لێکۆڵینەوەیان لە کەتوارەوە نزیکبو و هەردوکیان لە کارکردندا کەتواری(واقیعی) بون.

(سکینەر) بە شوێنکەوتوی ڕاستەقینەی فەیلەسوفانی پراگماتیزم (چارلس پێرس) و (ولیەم جێمس) و (جۆن دیوی) دادەنرێت. سکینەر زۆرتر لە سەر پرسیارە پراگماتییەکان وەستا، نەک بابەتە ناوەکییەکان (کە دەرونناسانی پێش ئەو زۆرتر لە سەری دەوەستان). واتە سکینەر جیاواز لەوانی پێش خۆی، کارەکانی پراکتیکی و سەلماندن بون، نەک تیۆری(RACHLIN, 1995, P363)[٨]. ئەمەش ڕێبازی گەڕانەوەیە بۆ بنەمای (کردارەکی)، کە هەمان ڕێبازی کارکردنی فەلسەفەی پراگماتیزمە. بەم جۆرە مامەڵەیە، کارەکانی ڕەوشتکاران چونە خزمەتی فەلسەفەی پراگماتیزمەوە.

هەر بەپێی ڕێبازی ڕەوشتکاری، ئاخاوتنیش ڕەوشتێکی دەنگییە. لەم ڕووەوە (سکینەر) بەرهەمهێنانی دەنگەکانی ئاخاوتن بە دەستکەوت و پێشکەوتنی گەورەی مرۆڤ دادەنێت لە نواندنی ڕەوشتدا(هناء صبري، ٢٠١٥، ص١٢٥). ئەم ڕێبازە لە زمان دەکۆڵێتەوە وەکو ڕەفتارێکی دەرەکی و هاوشێوەی هەمو ڕەفتارە فیزیکییەکانی تری مرۆڤ(ئاڤێستا کەمال، ٢٠١٢، ل٤٣). بەمەش تیشکۆ خرایە سەر ڕەهەندە کردارەکییەی زمان، لایەنە هزری و دەرونییەکانی زمان و، فۆرم و ڕوخساری زمان کەوتنەوە پەراوێزی ڕەهەندی کرداریی زمانەوە. هەروەها زمانەوانی لە خۆخەریککردن بە بابەتە تیۆری و هزییەکانەوە بەرەو ئاراستەیەکی نزیک لە کەتوار هەنگاوینا. ئەمەش وەکو لقێکی ڕەوشتکاری، بە ناوی ڕەوشتکاریی زمانەوانی(Linguistics behaviorism) دەرکەوت.

(لیۆنارد بلۆمفیلد- ١٨٨٧- ١٩٤٩)(کە ئەویش ئەمریکاییە)، نوێنەرایەتیی ڕەوشتکاریی زمانی دەکات، کە پشتگیریی بنەمای ڕەوشتی بۆ شیکردنەوەی زمان دەکات. ئەوان واتا بە پەیوەندیی نێوان (کار/ وروژێنەر) و (کاردانەوە/ وەڵامدانەوە)ی دەنگی(زمانی) دادەنێن(هناء صبري، ٢٠١٥، ص١٢٨). بۆیە زۆر جار بۆچونەکە بە بۆچونی (کار و کاردانەوە/ وروژێنەر و وەڵامدانەوە) ناودەبرێت. وەک لە سەرەوە باسکرا دەرونناسە ڕەوشتکارەکان سنوری کارکردنیان لە دەرونەوە گواستەوە بۆ ڕەوشت، بلۆمفیلدیش بە هەمان شێوە، بەپێچەوانەی (ساپیر)، کە زۆرتر بایەخی بە (عەقڵ) دەدا، بلۆمفیلد هەمو کارەکەی لەوەدا کورتکردبوەوە، کە چاودێریی ئەودیاردە زمانییانە بکات، کە دەشێت پێوانەبکرێن. پاشان بەرنامەکەی بە (وەسفیی ئەزمونگەری) ناساند، بۆیە ئەو شتانەی زمانی دورخستەوە، کە ناچنە ژێر باری ڕێبازی ئەزمونگەرییەوە(نادية رمضان، ٢٠٠٦، ص٨٢). شۆڕبونەوە بۆ ناخی چییەتی دەلالەتکردن و میکانیزمی کارکردن، هانی بلۆمفیلدی دا، کە ئاراستەی ئاوەز بگۆڕێت و لێکۆڵینەوەی دەلالی لەبارەی ڕەفتاری زمانی دیار و بەرچاو بکات. لە چوارچێوەی بۆچونی ڕەوشتکاریدا بەها و نرخی قسەکردن (ترساندن، بەڵێن، هەڕەشە[٩]...هتد) دەدۆزێتەوە(ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٥، ٩٣، ٩٤). بەشێوەیەکی گشتی بۆچونەکە واتا وەک ڕەوشتێکی زمانی لێکدەداتەوە. واتاش لای بلۆمفیلد ئەو هەڵوێستەیە، کە قسەکەر قسەکانی تێدا دەدرکێنێت، لەگەڵ ئەو وەڵامدانەوەیەی، کە پێویستە گوێگر دەریببڕێت، یان نیشانی بدات. هەڵوێست و وەڵامدانەوەکەش دەبێتە واتای گوتنەکە(تالیب حوسێن، ٢٠١١، ل٣٦، ٣٨). کەواتە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

واتا لای ئەوان لەسەر بنەمای ئەو بارودۆخە کەتوارییەی قسەکەری تێدایە و ئەو کاردانەوە کردارییەی، کە گوێگر لە کەتواردا دەینوێنێت، دیاریدەکرێت، نەک لە سەر بنەمای وێنەی هۆشەکیی کەرەستە دەربڕاوەکان. بەمەش ڕەوشتکارەکان لەبری ئەوەی لە بیردا بە دوای واتادا بگەڕێن، لە کەتوار و لە سەر بنەمای هەڵوێست و کاردانەوەی کردارەکی واتا دیاریدەکەن.

واتا لای ڕەوشتکارەکان بریتییە لە کاردانەوەی کرداریی لای وەرگر، ئیتر گرنگ نییە نێرەر لە چ فۆرمێکدا مەبەستەکەی گەیاندبێت. واتە لای ڕەوشتکارەکان مەبەستی قسەکەر بۆ هێنانەئارای ئەو گۆڕانکارییە کردارەکییە و خودی نواندنی ڕەفتاریی وەرگر جێی بایەخە. بۆ نمونە لە بەرامبەر ڕستەی (سەرمایە، سۆباکە هەڵکە، بۆ سۆباکە هەڵناکەی؟، گەرمنابمەوە ... هتد)، مادام وەرگر یەک کاردنەوەی دەبێت، ئەویش (هەڵکردنی سۆباکە)یە، واتە هەمو ئەو فۆرمە جیاوازانە هاواتان. ئەم بابەتە لە ڕوانگەی فەلسەفەی پراگماتیزمیشەوە هەمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە دەگوترێت (ئەگەر پێناسەکردن و وەرگێڕانی دو دەربڕینی جیاواز، هەمان ئەنجام بەدەستەوەبدات، ئەوا ئەو دو دەربڕینە لە ڕوی کردارەکی و پراگماتییەوە هاواتان، هەرچەندە لە ڕوەکانی ترەوە جیاوازبن)(علي عبدالهادي، ۲۰۰۸، ص۲۸). هەر بەپێی بۆچونی ڕەوشتکارەکان قسەیەک ئەگەر هیچ کاردانەوەیەکی وەرگری لە بەرامبەردا نەبو، ئەوا واتای نییە، چونکە واتا یەکسانە بە خودی کاردانەوەکە. لە پراگماتیزمیشدا بیرۆکە و واتای گوتن بێواتا دەبێت، ئەگەر کاریگەریی کەتواری و کردەیی نەبێت.

## سێیەم: تیۆری کردە قسەییەکان:

دوای ئەوەی بانگەشەی ئەوە دەکرا، کە دەبێت ڕستە دور لە دەوروبەر لێکبدرێتەوە، لە بەرامبەر ئەمەدا فەیلەسوفی بەریتانی (ج.ل.ئۆستن) ئەم بیرەی لای قوتابییەکانی لە زانکۆی هارڤارد[10] لە ساڵی (۱۹۵۵) ڕەتکردەوە. دوای مردنی، قوتابییەکانی ئەم بۆچونەیان لە کتێبێکدا بە ناوی (چۆن شت بە وشە ڕادەپەڕێنی)[11] بڵاوکردەوە. دواتریش (جۆن سێرڵ) و قوتابییانی تری پەرەیان بەم بۆچونەدا(عەبدولواحید موشیر، ۲۰۱٤، ل۸۱). پێویستە ئەوەش بڵێین، کە سەرەتای ئەم بیرۆکەیە بۆ (ڤیتگنشتاین) دەگەڕێتەوە، کە زمانی بە بابەتی سەرەکی فەلسەفە داناوە و داوای کردوە بۆ پێشکەوتنی فەلسەفە گرنگی بە لایەنی بەکارهێنانی زمان بدرێت. ئۆستن کاتێک بانگەشەی ئەوەی کرد، گوتن کردەیە، کاریگەریی ڕونی ئەم زانایەی بەسەرەوە دیاربو(مسعود الصحراوي، ۲۰۰٥، ص۲۳-۲٤). ئەمەش دوای ئەوە هات، کە تا ماوەیەکی زۆر وا باوبو، جیاوازییەکی زۆر دەکرا لە نێوان (قسەکردن) و (کارئەنجامدان)دا و، وەکو دو شتی جیاواز سەیردەکران، بەڵام ئۆستن قسەکردنی بە ئەنجامدانی کارێک دانا و جیاوازی نێوان قسەکردن و ئەنجامدانی کاری هەڵوەشاندەوە. سەرەتا ئۆستن هەوڵیدا جۆرە ڕستەیەک جیابکاتەوە، کە خودی ڕستەکان ئەنجامدانی کارێکن[12]، بەڵام دواتر تیۆرەکە پانتاییەکی فراوانتری گرتەوە و گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە هەمو قسەکردنێک ئەنجامدانی کارێکە. تیۆرەکە بەجۆرێک ڕاڤەی ئەو بابەتە دەکات، کە ئەگەر لە هەر گوتنێک وردبینەوە، دەتوانرێت لە دو ڕوانگەی جیاوازەوە سەیربکرێت و دو واتای جیاواز دەدات. ئەویش واتای گشتی و واتای شاراوەیە. واتا شاراوەکە بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەر بریتییە لە ئەنجامدانی کارێک. تیۆری کردە قسەییەکان گرنگی بەو واتا شاراوەیە دەدات، کە ڕاپەڕاندنەکەیە و ئەرکێکی کۆمەڵایەتی جێبەجێدەکات(قیس کاکل، ۱۹۹٥، ل، ۳۸، ۳۹، ٤۰). بەم پێیە ئۆستن لەو ژینگەیەوە، کە فەلسەفەی پراگماتیزم تیایدا سەریهەڵداوە و گەشەیکردوە، بانگەشەی جیانەکردنەوەی گوتن و کردار دەکات و، لە سەر بنەمای کردارەکی و کاریگەریی گوتن لە کەتواردا پێناسەی زمان و گوتن دەکات و، واتا و مەبەستەکانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

دیاردەکات. ئەم تێڕوانینەش جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ئەوەی زمان وەک چالاکییەکی ناوەکی و هزری دەبینێت و لە کردار جیایدەکاتەوە. بەگشتی دەتوانرێت کاریگەریی فەلسەفەی پراگماتیزم لە سەر ڕەوتی کارکردنی تیۆری کردە قسەییەکان لەم چەند خاڵەدا پوختبکرێتەوە:

١- بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان مامەڵە لەگەڵ کاریگەرییە (کردارەکی)یەکانی زمان لە کەتواردا دەکرێت. ئەم هەنگاوە پەیڕەوکردنی بنەمای (کردارەکی)یە لە لێکۆڵینەوەی زمانی و ناساندنی زماندا. کە هەمان بنەمای کارکردنی فەلسەفەی پراگماتیزمە، بەو پێیەی لەو فەلسەفەیەدا (بەهای بیرۆکە لەو وێنە و شێوانەدانییە، کە لە زەیندا دروستدەبن، یان لە بەرجەستەکردنی ئەوشتانەی کە هەن، بەڵکو بەهاکەی لەو کارانەدایە، کە دەبن بە ئەنجامی بیرۆکەکە، و لەو گۆڕانکاریانەدایە، کە لە دەوروبەردا دەیخاتەوە)(یعقوب فام، ١٩٣٦، ص١٥١).

٢- بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان، هەمو قسەیەک کردەیەکە، ئەمەش دوبارەکردنەوەی هەمان بنەمای فەلسەفەی پراگماتیزمە، کە بەپێی ئەو فەلسەفەیە بیرۆکە پرۆژەی ئەنجامدانی کارێکە.

٣- بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان ڕستە ئەو کاتە ڕاستە، کە هاوتا(مطابق)ی کەتواربێت، ئەو کاتەش هەڵەیە، کە جیاوازبێت لە کەتوار(جواد ختام، ٢٠١٦، ص٨٦). بەپێی فەلسەفەی پراگماتیزمیش پێوەری ڕاستیی بیرۆکە ئەوەیە، کە بتوانرێت لە کەتواردا ئەزمونبکرێت و کاریگەریی کردارەکیی هەبێت.

٤- ئۆستن بەپێی کاریگەریی کردەکان دو جۆر ڕستەی لێکجیاکردەوە، (ڕستەی ڕاپۆرتیی وەسفی- Descriptive) و (ڕستەی دەستکەوت- Performative)(هەمان سەرچاوە، ل٨٦)، کە ڕستەی وەسفی، وەسفی بارودۆخ دەکات و لە سەر بنەمای هاوتابونی لەگەڵ کەتواردا دەچێتە ژێر پێوەری ڕاستی و ناڕاستییەوە. هەرچی ڕستەی دەستکەوتە کردەی هێنانەئارای گۆڕانکارییەکی کردارەکییە لە کەتواردا، وەک فەرماندان، بەڵێندان ...هتد. پێش ئۆستن، چارلس پێرس ئەم بیرۆکەیەی بە جۆرێکی تر ڕونکردوەتەوە، ئەویش کاتێک دو جۆر بۆچونی لێکجیاکردوەتەوە، کە (بۆچونی کردارەکی و بۆچونی تیۆری)یە. بە هۆی بۆچونی کردارەکییەوە دەتوانرێت کارێکی دیاریکراو بکرێت یان ڕەفتارێکی دیاریکراو بنوێنرێت بۆ بەدیهێنانی کارێکی دیاریکراو.. هەرچی بۆچونی تیۆرییە، بیروڕا و پێشبینییە دەربارەی کارێک، ئەرکی ڕێکخستنی ڕاستییەکانە لە بیردا(علي عبالهادي، ٢٠٠٨، ص١٣٠).

لە لایەکی ترەوە کردەقسەییەکان بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی پراگماتیک دادەنرێت، ئەگەر گرنگترینیان نەبێت. پراگماتیک لە سەرەتای گەشەکردنیدا بە هاواتای (کردە قسەییەکان) دادەنرا(محمود احمد، ٢٠٠٢، ص٤١). بەهۆی ئەوەی پراگماتیک لە بەهای کردارەکیی گوتن و دەربڕینەکان دەکۆڵێتەوە و لە سەر بنەمای ڕۆنانی گوتن و نرخی کردارەکیی گوتن و بە پشت بەستن بە دەوروبەر، مەبەستی قسەکەر دیاریدەکات، ئەمەش هەمان کاری تیۆری کردە قسەییەکانە(حافظ علوي و منتصر عبدالرحیم، ٢٠١٤، ص٢٠٨)، پراگماتیکیش درێژکراوەی فەلسەفەی پراگماتیزمە بۆ بواری زمانەوانی. پراگماتیک لە سەر ڕەهەندی کردارەکیی زمان دەوەستێت و واتای کەرەستەی زمانی لە دۆخی بەکارهێناندا دیاریدەکات. لە پراگماتیزمدا بایەخ بە بابەتی دروستکردنی کاریگەریی کردارەکی لە سەر بەرامبەر و لە کەتواردا دەدرێت. مەبەست لە کردە قسەییەکانیش ئەو یەکە بچوکانەن، کە بەهۆیانەوە کردەی دیاریکراو بەجێدەگەیەنرێت، کە مەبەستی ئەو کردانە گۆڕانکارییە لە باری گوێگردا(دومینیک مانغونو، ٢٠٠٨، ص٧). لەم ڕووەوە (سێرڵ) دەڵێت هەمو دەربڕینێکی زمانی وەکو کردەیەکی دیاریکراو کاردەکات و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

کاریگەری و گۆڕانکاری لە بەرامبەردا بەرهەمدەهێنێت(خدیجة بوخشة، ٢٠٢٠، ص١٢٨). بەگشتی بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان بەکارهێنانی زمان ئەنجامدانی چەندین کردەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە. ئۆستنیش خۆی یەکێک بوە لەو کەسانەی، کە ڕۆڵی گەورەی هەبوە لە پەرەپێدانی بواری پراگماتیک.

## چوارەم: شیکردنەوەی گوتار

گوتار یەکەیەکی زمانیی سەروی ڕستەیە، بەرئەنجامی کردەی گوتنە. واتە پەیوەندیکردنە لە شێوەی ڕودان. گوتار ئاراستەکردنی مەبەستێکی دیاریکراوە بۆ وەرگر. بەپێی تیۆری کردەقسەییەکان، گوتنەکان بە کردار دانراون. کۆی کردارە بەشەکییەکانیش کردارێکی گشتی پێکدەهێنن، کە گوتارە. واتە گوتار شێوەیەکی چالاکیی کۆمەڵایەتییە. بۆیە هەندێک لە زمانەوانان پێشنیازی ئەوەیان کردوە، زاراوەی گوتار بە جێگرەوەی زاراوەی (گوتن) لە دوانەی (زمان و گوتن)ی سۆسێر دابنرێت، کە زمان سیستەمێکە لە بیری کۆمەڵێک خەڵکدا و گوتن بەکارهێنانی ئەو سیستەمەیە(حافظ علوي و منتصر عبدالرحيم، ٢٠١٤، ص٢٠٩– ٢١٠، ٢٠١٢). بەم پێیە گوتار ئەو کاریگەرییە کردارەکییەیە، کە نێرەر مەبەستیەتی بەهۆی گوتنێکەوە لە کەتواردا بەرجەستەی بکات. گوتار لە بۆتەی دەقێکدا خۆی دەنوێنێت و، کارلێکی دەقە لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆیدا، بە هەمو هەلومەرج و دەرکەوتە و پەیوەندی و بارەکانییەوە. واتە گوتار مومارەسەکردنێکی زمانییە، لە چوارچێوەی دەورووبەرێکی کۆمەڵایەتیدا، کە کات و شوێن و هاوبەش و نیشانە پراگماتییەکان ئامادەن و ڕۆڵیان هەیە(دیار عەلی، ٢٠٠٩، ل٨). بەم جۆرە دەق نواندنی گوتارە و گوتاریش بەها و مەبەستیی کردارەکیی دەقە. واتای گوتاریش واتای پراگماتیکیی دەق دەگرێتەوە، بەو پێیەی بۆ دەستخستنی واتای گوتار پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ دەوروبەر، کە دەوروبەر یەکێکە لە بنەماکانی شیکردنەوەی پراگماتیکی. واتای گوتار مەبەستی نێرەر بەپێی کەتوار و کاریگەریی کردارەکیی دەق و گوتن لە کەتواردا دەگرێتەوە.

هەرچی شیکردنەوەی گوتارە، شیکردنەوەی گوتن و دەقە لەو کەتوارەی تێیدا بەرهەمهاتون و بەهۆیەوە لە شیکردنەوەی زماندا دەگەڕێینەوە بۆ کەتوار و کاریگەریی کردارەکی دەق و گوتن. واتە شیکردنەوەی گوتار تێڕوانینە بۆ ڕۆنانێکی زمانیی تێکچڕژاوی وابەستە بە دەوربەرەوە. لەگەڵ جەختکردنە سەر ئەو واتایەی هەڵیگرتوە. هەروەها شیکردنەوەی جۆر و شێوەی ڕۆنانەکە و چۆنیەتی کارلێکی لەگەڵ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کلتوریی دەگرێتەوە(حافظ علوي و منتصر عبدالرحيم، ٢٠١٤، ص٢١٢). ئەمەش جیاوازە لە شیکردنەوەی زمان بەگشتی و دەق بەتایبەتی دور لە کەتوار و دەوروبەر. لە شیکردنەوەی گوتاردا شیکردنەوە بۆ کاریگەریی دەق لە لای وەرگر و لە کۆمەڵدا دەکرێت. واتە چاودێریی بەرجەستەبونی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی دەق دەکرێت. وەک ئەوەی لای (میشێل فۆکۆ) بوبو بە بنەما، کە گوتار دەبێت کاریگەریی کۆمەڵایەتیی هەبێت و لە شیکردنەوەی گوتاریشدا ڕەچاوی ئەوە بکرێت.

بەم جۆرە، شیکردنەوەی گوتاریش یەکێکە لەو بابەتانەی زمانەوانی، کە لە کارکردندا ڕەچاوی ڕەهەندی کردارەکی و بابەتی پەیوەست بە گوتار و کەتوار دەکات بە بابەتی لێکۆڵینەوەی خۆی. ئەم شێوازەش لە کارکردن، هەمان شێوازی پراگماتیستەکانە، کە لە سەر بنەمای بەرجەستەبون لە جیهانی مادیدا بەدوای بیرۆکە و حەقیقەتی ناو بیردا دەگەڕان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

## ئەنجامەکان:

١- زمان لە فەلسەفەی پراگماتیزمدا هێما و ئامرازی نواندنی بیرە، پێویستە هەڵگری بیرۆکەی بەسود و خاوەن کاریگەریی کرداری بێت لە کەتواردا.

٢- بەپێی فەلسەفەی پراگماتیزم بیرۆکە، کە زمان ڕێگایەکی سەرەکییە بۆ گەیاندنی، پرۆژەی کارە، پێویستە شیاوی ئەوەبێت ئەزمونبکرێت، بەپێچەوانەوە بێواتا و بێسوددەبێت.

٣- هێمازانی، کە لە هەناوی پراگماتیزمدا پەیدابوە، سەرچاوەی ڕاستەوخۆی پەیدابونی پراگماتیکە. هێما لای پراگماتیستەکان سێ ڕەهەندی (ڕۆنانی) و (سیمانتیکی) و (پراگماتیکی)ی هەیە. ئەمەش جیاوازبو لەتێڕوانینی دو ڕەهەندی بۆ هێما. پراگماتیک جیاواز لە سینتاکس و سیمانتیک، کە گرنگیی بە ڕەهەندی سێیەمی هێما دەدات، لە دۆخی جوڵاو(داینەمیکی)ی هێما دەکۆڵێتەوە. واتە لە زمان دەکۆڵێتەوە لە دۆخی بەکارهێناندا.

٤- لای پراگماتیستەکان هەمو چالاکییەکی بیر لە هێمادا بەرجەستەدەبێت. هێماش لای ئەوان هۆکاری بیرکردنەوەیە و بیریش هۆکاری دەستبەسەرداگرتنی کەتوار و خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤە، چونکە لە کۆتاییدا هێما لە بەرگی ڕەفتاردا خۆی دەنوێنێتەوە.

٥- سکینەر، کە یەکێکە لەڕابەرانی ڕەوشتکارەکان، بە شوێنکەوتوی ڕابەرانی فەلسەفەی پراگماتیزم دادەنرێت. بیری واتا لای ڕەوشتکارەکان، هەمان بیرۆکەی واتای هێمایە لای پراگماتیستەکان، کە کاریگەری و کاردانەوەی وەرگرە لە کەتواردا.

٦- زمانەوانیی کارەکی گرنگی دەدات بە بەکارهێنانی زمان و گرفتەکانی زمان یان ئەو گرفتانەی لە کاتی بەکرداریکردنی ئەو بابەتانەدا دێتەئاراوە، کە زمانەوانیی تیۆری لێی دەدوێت. ئەمەش گرنگیدانە بە دیوی زیندو و لایەنی کردارەکیی زمان، لەبریی فۆرم و ڕەهەندیی تیۆریی زمان.

٧- بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان، کە قسە بە ئەنجامدانی کارێک دادەنرێت، لە سەر بنەمای کردارەکی و کاریگەریی گوتن لە کەتواردا پێناسەی زمان و گوتن دەکات و، واتا و مەبەستەکانی دیاردەکات. ئەم تێڕوانینە جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ئەوەی زمان وەک چالاکییەکی ناوەکی و هزری دەبینێت و لە کردار جیایدەکاتەوە. ئەمەش دوبارەکردنەوەی هەمان تێڕوانینی پراگماتیستەکانە بۆ هێما و بیرۆکە لە چوارچێوەی فەلسەفەی پراگماتیزمدا، کە بیرۆکە لای ئەوان پرۆژەی کارە و پێویستە دەرئەنجام و لێکەوتەی کرداریی هەبێت.

٨- گوتار کۆی پەیامی کردە جیاوازەکانی قسەکردنە. ئەو کاریگەرییە کردارەکییەیە، کە نێرەر مەبەستیەتی بەهۆی گوتنێکەوە لە کەتواردا بەرجەستەی بکات. شیکردنەوەی گوتار شیکردنەوەیە بۆ ڕەهەندیی کرداریی دەق و گوتن. گرنگیدان بەو لایەنەش بنەمای جیاکەرەوەی فەلسەفەی پراگماتیزمە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

## پەراوێزەکان:

١- ئەم توێژینەوەیە بەشێکی وەرگیراوە (مستل) لە تێزی دکتۆرا.

٢- ڕای وەرگێڕە، لە پێشەکی وەرگێڕانی کتێبەکەدا نوسویەتی.

٣- ڕای (دکتۆر محەمەد ناسر)ە، لە پێشەکیی وەگێڕدراوی عەرەبی کتێبی(فێرگە و کۆمەڵگە) The school and society). کتێبەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

٤- لای سۆسێر کەرستە دەکەوێتەوە دەرەوەی پەیوەندییەکانی هێماوە. واتە پەیوەندیی لە نێوان هێما و کەرەستەدا نییە، بەڵکو پەیوەندی لە نێوان هێما و واتاکەیدا هەیە. بڕوانە (دانیال تشاندلر، ٢٠٠٨، ص٤٦).

٥- (پ.د.ستیڤن لیڤنسۆن- Prof. Dr. Stephen C. Levinson) لە ٦ی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٤٧) لە لەندەن لەدایک بوە. لە زانکۆی کامبریج لە ساڵی (١٩٧٠) بەکالۆریۆسی لە شوێنەوارناسی و مرۆڤناسیی خوێندوە. لە ساڵی (١٩٧٢) ماستەری لە زمانەوانیی ئەنتۆپۆلۆجی هێناوە. لە ساڵی (١٩٧٧) دکتۆرای لە زمانەوانی هێناوە(https://www.mpg.de/372359/psycholinguistik_wissM3).

٦- American Association for Applied Linguistics.

٧- پێشتر زاراوەی (ڕەوشتی، ڕەوشتکاری) لەلایەن (د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، د.تالیب حوسێن عەلی) بەکارهاتوە. بڕوانە: (عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٠)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەکەم، هەولێر، ل٥٩)، (تالیب حوسێن عەلی(٢٠١١)، واتاسازی، چاپی یەکەم، هەولێر، ل٣٦).

٨- لە کتێبی (NATIONAL ACADEMY PRESS, Biographical Memoirs VOLUME 67)، کە کۆمەڵێک نوسەر نوسیویانە.

٩- ئەم مەبەستانە لە چوارچێوەی تیۆری کردە قسەییەکان بە (کردەی مەبەست- illocutionary act) ناودەبرێن، کە مەبەستی قسەکەر لە کردە جیاوازەکانی قسەدا دەگرێتەوە.

١٠- ئۆستن ماوەیەک لە زانکۆی هارڤارد لە ئەمریکا وانەبێژبوە.

١١- لە ساڵی ١٩٦٢.

١٢- ئۆستن سەرەتا دو جۆرە گوتنی لێک جیاکردەوەو ئەویش گوتنی ڕاپۆرتی و ڕاپەڕاندن بو.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# The Influence of the Pragmatism Philosophy on Linguistics

**Hewa Ahmed Assaf[1] - Yousif Sharif Saeed[2]**

[1]Kurdish Department, College of Education-Shaqlawa, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Kurdish Department, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**:

Pragmatism, a philosophical approach that originally appeared in the USA, places its evaluation of the validity of ideas on concepts such as "action" and "benefit". The pioneers of this philosophy believe that the basis of human thought and knowledge should be traced back to the notion of benefit. Language, according to John Dewey, is a tool for representing thought and meaning. Accordingly, the language must be loaded with utilitarian ideas and be a tool for creating a practical and realistic effect. That is, pragmatism was concerned with the purpose of language use and its significance at the expense of its form.

It is worth mentioning that some other branches in linguistics were born from pragmatism, such as pragmatics, which deals with language in use, semiotics, applied linguistics, behaviorism, speech act theory, and discourse analysis.

All of these branches of linguistics are concerned with the actual and utilitarian aspects of language and investigate language in terms of usage and conditions of use. This paper is an attempt to highlight how these linguistic fields are affected by the philosophy of pragmatism. The research consists of two sections. In the first section, the broad outlines of the philosophy of pragmatism are examined, and in the second section, the effect of the pragmatism philosophy on these fields of linguistics is examined.

**Keywords**: Pragmatism, Pragmatics, Applied Linguistics, Behaviorism, Speech Acts, Discourse Analysis.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15**

## سەرچاوەکان:


ئازاد ئەحمەد مەحمود(٢٠١٥)، بنەما و تەوەرەکانی واتاسازیی نوێ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١١)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
جۆن دیوی(٢٠١٩)، فێرگە و کۆمەڵگا، و.جیهاد موحەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
حەمید عەزیز(٢٠١٣)، فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
سەماح ڕافع محەمەد(٢٠٠١)، ڕێبازە هاوچەرخەکانی فەلسەفە، و.تاریق کارێزی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆک.
شێرزاد سەبری سەعید(٢٠١٤)، پراگماتیک، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٤)، زانستی پراگماتیک، ناوەندی ئاوێر، چاپی دوەم، هەولێر.
عەبدولوهاب خالید(٢٠١٠)، دەسپێکەکە بۆ زمانڤانییا پراکتیکی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
محەمەد مەعروف فەتاح(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
یوسف کەرەم(٢٠١٧)، مێژوی فەلسەفەی نوێ، و:عومەر عەلی غەفور، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
یوسف شەریف سەعید(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
نامەی ئەکادیمی:
دیار عەلی کەمال (٢٠٠٩)، گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، هەولێر.
قەیس کاکل توفیق(١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئاداب.
ئارام قادر صابر (٢٠١٦)، تیۆری هێما لەلای چارلس پێرس، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٦).
عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول(٢٠٠٢)، مێژوی شێوەزاری گەرمیانی، گ:زانکۆیا دهۆک، هژمارا (١)، پەڕبەندا(٥).
عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ(پرۆفیسۆر)(٢٠١٥)، گۆڤاری زمانناسی ژمارە ١٧-هەولێر.
احمد شفيق الخطيب (٢٠٠٦)، قراءات في علم اللغة، الطبعة الاولى، دار النشر الجامعات، مصر.
جميل صليبا١(١٩٨٢)، المعجم الفلسفي بالالفاظ العربية والفرنسية والانكليزية واالاتينية، الجزء الاول، دار الكتاب اللباني، بيروت، لبنان.
جواد ختام(٢٠١٦)، التداولية- اصولها واتجهاتها، الطبعة الاولى، دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع، عمان.
چون ديوى(١٩٥٥)، الحرية والثقافة، ت: امين مرسى قنديل، متكبة التحرين، الاسكندرية.
چون ديوي(١٩٦٣)، الطبيعة البشرية و السلوك الانساني، ت: محمد ليبب الخجيجي(د)، مؤسسة الخانجي، القاهرة.
حافظ اسماعيلى علوي و منتصر أمين عبدالرحيم(٢٠١٤)، التداوليات و تحليل الخطاب، الطبعة الاولى، عمان، الاردن.
دانيال تشاندلر(٢٠٠٨)، أسس السيمائية، ت. طلال وهبة، الطبعة الاولى، بيروت.
دومينيك مانغونو(٢٠٠٨)، المصطلحات المفاتيح لتحليل الخطاب، ت. محمد يحياتن، الطبعة الاولى، دارالعربية للعلوم ناشرون، بيروت، لبنان.
صلاح اسماعيل(٢٠٢٠)، نظرية المعرفة مقدمة معاصرة، الطبعة الاولى، دار المصرية اللبانية، القاهرة، مصر.
عبدالهادي بن ظافر الشهري(٢٠٠٤)، استراتيجيات الخطاب- مقاربة لغوية تداولية، دار الكتاب الجديد المتحدة، الطبعة الاولى، بنغازي، ليبيا.
علي عبدالهادي المرهج(٢٠٠٨)، الفلسفة البراجماتية اصولها ومبادئها، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان.
محمود أحمد نحلة(٢٠٠٢)، افاق جديد في بحث اللغوي المعاصر، دار المعرفة الجامعية, الاسكندرية، مصر.
محمود عكاشة(٢٠١٣)، النظرية البراجماتية اللسانية(التداولية)، طبعة الاولى، مكتبة الاداب، القاهرة.
مسعود صحراوي(٢٠٠٥)، التداولية عند علماء العرب- دراسة تداولية لظاهرة الافعال الكلامية في التراث اللساني العربي، الطبعة الاولى، دار الطليعة، بيروت.
ميلكا افيتش(٢٠٠٠)، اتجاهات البحث اللساني، ت: سعد عبدالعزيز مصلوح& وفاء كامل فاير، الطبعة الثانية، المجلس الاعلى للثقافة
نادية رمضان النجار(٢٠٠٦)، فصول في الدرس اللغوي بين القدماء والمحدثين، دار الوفاء الدنيا، الاسكندرية، مصر.
هناء صبري(دكتورة)(٢٠١٥)، فلسفة اللغة عند نعوم تشومسكي، الطبعة الاولى، القاهرة.
وليام چيمس(٢٠٠٨)، البراجماتية، ت.محمد علي العريان، المركز القومي للترجمة، القاهرة.
يعقوب فام(١٩٣٦)، البراجماتزم أو مذهب الذرائع، الطبعة الاولي، لجنة التاليف والترجمة والنشر، مصر.

=



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15

خالد حسين طالب دلكي(٢٠١١)، البعد البراغماتي لنظرية تحليل الخطاب (التخاطب في القصص القراني أنموذجا)، رسالة ماجستير، جاعمة اليرموك، اربد، الاردن.

محمود أبو المعاطي عكاشة(٢٠١٨)، بحث الابعاد الفلسفية في البراجماتية(التداولية) و أفعال الكلام (نقد المفهوم و التطبيق)، مجلة العربية (مداد)، العدد(٢)، المصر.

خديجة بوخشة(٢٠٢٠)، أفعال الكلام في شعر رمضان حمود، مجلة حوليات التراث، جامعة مستغانم، العدد (٢٠)، الجزائر.

DEWEY, JOHN(1910), HOW WE THINK, D.C.HEATH & CO. PUBLISHERS BOSTON NEW YORK CHICAGO.

NATIONAL ACADEMY PRESS(1995), Biographical Memoirs VOLUME 67, WASHINGTON, D.C.

Mohamed AbdAlla AbdAlgane Mohammed(2020), An Overview of the History and Development of Applied Linguistics, alaysian Journal of Social Sciences and Humanities (MJSSH), Volume 5, Issue 1, Malaysia.

Max Planck(2022), Max Planck Institute for Psycholinguistics, from:

**https://www.mpg.de/372359/psycholinguistik_wissM3**



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper15**